بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement

BSK 2019

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# بەرنامە، پێڕەو و پرۆگرام

ROJIKURD
ڕۆژی کــورد

KURD NATION
کـوردناسیۆن




Kurdistan
Independence
Movement

BSK 2019

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# سەرەتا

## کوردستان چۆن دابەشکرا ؟

**شەڕی چاڵدێران ١٥١٤**
**پەیمانی زەهاو ١٦٣٩**
**سایکس پیکۆ ١٩١٦**
**پەیمانی سێڤر ١٩٢٠**
**پەیمانی لۆزان ١٩٢٣**

نزیکەی ٥٠٠ ساڵە خاکی کوردستان لە لایەن وڵاتانی زلهێز و داگیرکەر و چوار ئیستعمارگەری ، ئێران، سووریە،عێراق، تورکیە وە داگیر و دابەش کراوە.

یەکەم جار لە ساڵی ١٥١٤ی زایینیدا و لە کاتی شەڕی چاڵدێران کە لە نێوان دوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی دا ڕوویدا، کوردستان دابەش کرا و ئەو دابەشکردنەش ساڵی ١٦٣٩ی زایینی لە پەیماننامەیەک دا بە ناوی زەهاو بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا و چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

ڕۆژی ١٧ی مەی ١٦٣٩ی زایینی دوو ئیمپراتوری سەفەوی و عوسمانی، بە دابەشکردنی وڵاتی کوردستان لە نێوانیان، کۆتاییان بە شەڕێکی ١٥٠ ساڵە هێنا و پەیمانی "قەسری شیرین"یان نووسی.

شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانی بە شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ گەیشتە لوتکە و لە ١٦٢٩ بە شەڕەکانی گورجستان و ئەرمەنستان گەرم بۆوە و لە ساڵی ١٦٣٩ بە پەیمانێک بەناوی "قەسری شیرین" یان "زەهاو" و دابەشکردنی کوردستان کۆتاییهات.

دوای ململانێ و شەڕێکی ١٥٠ ساڵە لەنێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی (فارس) و ئیمپراتوریەتی عوسمانی (تورک)، ڕۆژی ١٧-٥-١٦٣٩ لە قەسری شیرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئەو دوو دەوڵەتە پەیمانێکیان واژۆ کرد کە بەپێی ئەو پەیمانە بەشێک لە کوردستان و هەموو عێراق ئەوکات لە دەسەڵاتی سەفەوی و فارس جیا کرایەوە و درایە عوسمانی، بە مەرجێک ئیرەڤان بگەڕێتەوە سەر ئیمپراتۆری فارس.

جارێکی تر و پاش شەڕی یەکەمی جیهانی خاک و نەتەوەی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتی داگیرکەری تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە دا دابەش کرایەوە و لەوکاتەوە تا ئێستا کوردستان بۆتە موستەعمەرە و بە بەردەوامی هەوڵ بۆ سڕینەوە و لە ناو بردنی دراوە.

لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دەوڵەتە زلهێزەکان لەپێناوی ئەوەی خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عوسمانی داگیر بکەن، دەستیان بە دانیشتن و دانوستان کرد.

بەو هۆیەوە ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ کە بە ڕێکەوتننامەی ناوەندی ئاسیا دەزانرێ لە ١٦ی مەی ١٩١٦ لە نێوان بریتانیا و فەڕانسە و بە ڕازیبوونی ئیمپراتۆریی ڕووسیە ئیمزاکرا و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر ڕووسیە و بریتانیا و فەڕانسە دا دابەشکران.



ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# سەرەتا

## کوردستان چۆن دابەشکرا ؟

**شەڕی چاڵدێران ١٥١٤**
**پەیمانی زەهاو ١٦٣٩**
**سایکس پیکۆ ١٩١٦**
**پەیمانی سێڤر ١٩٢٠**
**پەیمانی لۆزان ١٩٢٣**

لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەدا ناوچەکانی باکووری کوردستان لەگەڵ ئیستانبووڵ، درا بە ڕووسیە. ڕۆژئاوای کوردستان و سووریەش دران بە فەرانسە. باشووری کوردستانیش کە سەرەتا بۆ فەرانسە بوو، بەڵام کەوتە ژێر دەستی بریتانیا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فارس دا مایەوە.

نوێنەری بریتانیا مارک سایکس و نوێنەری فەرانسەش جۆرج پیکۆ بوون و ڕێکەوتننامەکەش بە ناوی ئەوانەوە ناونرا.

دابەشکاریی ئەم پەیماننامەیە بەم چەشنە بوو:

ناوچەکانی باکووری کوردستان لەگەڵ ئیستانبووڵ و دەربەندەکانی ڕۆژهەڵات درا بە ڕووسیە.

ناوچەکانی باشووری کوردستان و هەندێك ناوچەی باکووری درا بە فەرانسە.

بەشی سێهەم، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە وەك پێشتر دابەشکرابوو، هەر وا خرایەوە ژێر دەستی دەسەڵاتی فارس.

ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرەتا بەنهێنی بوو بەڵام لە بەر ئەوەی ڕووسیە تووشی شەڕی ناوخۆیی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ هات ناچار لە شەڕی جیهانی پاشەکشەی کرد و ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکەش ئاشکرا بوو و پاش کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیە، سەرجەم هێزەکانی دیکەش لەو ناوچانە پاشەکشەیان کرد، کە لە ئەنجام دا بووە هۆی رادەستکردنی ناوچەکان و کوردستان بۆ چوار پارچە دابەش کرا و چەند دەوڵەتێکی نوێ وەک عێراق و تورکیە دروستبوون.

لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی، زۆرینەی کورد لە سەر سنووری عوسمانییەکان بوون. پاش هەڵوەشانەوە و لێکترازانی ئیمپراتوریی عوسمانی، هێزە یەکگرتووکان (واتە وڵاتانی: فەرانسە، بریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیتالیا و ژاپۆن)، بڕیاریاندا لەسەر سنووری پێشووی عوسمانی، چەند وڵاتێکی نوێ دامەزرێنن.

بە پێی پەیمانی سێڤر، دامەزراندن و دروستکردنی وڵات و دەوڵەتی کوردستان و ئەرمەنستانیش یەکێک بوون لەم وڵاتانە.

لە ڕۆژی ١٠ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٢٠ پەیماننامەی سێڤر واژۆ کرا، کە تێیدا هەیئەتێکی کورد بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا بەشدار بوو و تێیدا باس لە دانی مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد کرا، کە بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی فەرمی ئەو مافە بۆ کورد بە ڕەوا دەبیندرا و بڕیار لە سەر بە دوەڵەتبوونی کوردستان درابوو.

بەڵام تورکیەی ئەوکات بۆ لەبار بردنی پەیمانی سێڤر کەوتە خۆ و ئەو هەوڵەی لەبار برد.









Kurdistan Independence Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# سەرەتا

## کوردستان چۆن دابەشکرا ؟

**شەڕی چاڵدێران ١٥١٤**
**پەیمانی زەهاو ١٦٣٩**
**سایکس پیکۆ ١٩١٦**
**پەیمانی سێڤر ١٩٢٠**
**پەیمانی لۆزان ١٩٢٣**

لە ٢٤ی جولای ١٩٢٣ ، کۆنفرانسێك لە لایەن وڵاتانی (بریتانیا، فەڕانسە، ژاپۆن، یوونان، ڕۆمانی، سێربستان، کرۆواسی، سلوانی و تورکیە) لە شاری "لۆزان لە سویس" بەسترا، کە مەبەست لە بەستنی کۆنفرانسەکە کە بە (پەیمانی لۆزان) ناوی دەرکرد، داڕشتنەوەی سەر لە نوێی قەوارەی سیاسی و جوغرافیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو و لە ئەنجامدا مستەفا کەمال ئەتا تورك، سەرۆك و دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیە، بە هەوڵی دیپلۆماسی و پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران توانی (پەیمانی سیڤەر) هەڵبوەشێنێتەوە.

لەو ڕۆژەدا بە بڕیارێك، خاکی کوردستان و تێکرای دانیشتوانەکەی لە نێوان هەر چوار وڵاتی فارس، عێراق، تورکیە و سووریە دابەشکرا. پارچەی پێنجەمی کوردستانیش کەبە کوردستانی سوور ناسراوە، کەوتە ژێر دەستی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە ئێستا دیسانەوە بە سەر ئەرمەنستان ، ئازەربایجان ، گورجستان و تورکمەنستان دا دابەش کراونەتەوە.

بە هەر شێوە، دوای داگیرکردنەوەی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی ئاتاتورک، هێزە یەکگرتووکان لەگەڵ پەیمانی لۆزان ڕێککەوتن و سنوورە نوێیەکانی کۆماری تورکیە دیاریکرا و نەتەوەی کورد بێ ناوچەیەکی سەربەخۆ مانەوە. بەشێک لە خاکی کوردستان کەوتە ناو سنووری نوێی تورکیەوە و بەشێکی دیکەی لکێندرا بە سووریە و عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی فەڕانسە و بریتانیا دابوون.
کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانی لێ کەوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەسەلەی کورد و پرسە ڕەواکەی داو نەیهێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سێڤر بێتە دی.

## کۆتایی هاتنی پەیمانی لۆزان لە ٢٠٢٣

ساڵی ٢٠٢٣ سەد ساڵ بە سەر پەیمانی شوومی لۆزان دا تێپەڕ دەبێ و لە ڕاستیدا کۆتایی بەم پەیمانە دێ ، بۆیە نەتەوەی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان، پێویستە هەوڵ بۆ دامەزراندن و درستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بدەن و پێش بە لۆزانێکی تر بگرن.

گەلی کورد بەردەوام بە شۆڕش و خەبات دژ بە داگیرکەران وەستاوەتەوە و لەو پێوەندییە دا دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، سەیدڕەزای دێرسیم، سمایل ئاغای سمکۆ، شۆڕشی ئارارات ، شێخ مەحموودی بەرزنجی، کۆماری کوردستان لە مەهاباد، شۆڕشی بارزان و ئەیلوول و دەیان شۆڕشی دیکە بکەین.

ئاوڕدانەوە لەو واقع و مێژووە سەلمێنەری ئەوەیە کە وزەی هەرە سەرەکیی زیندوو هێشتنەوە و بەردەوامیی شۆڕشی کورد، سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکان و بگرە هەڵەی زەمەنی، فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە کە زیاتر لە سەدان ساڵە هەروا شۆڕشی لە سەر پێ و زیندوو ڕاگرتووە.



ROJIKURD
ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION
کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# سەرەتا

## کوردستان چۆن دابەشکرا ؟

**شەڕی چاڵدێران ١٥١٤**
**پەیمانی زەهاو ١٦٣٩**
**سایکس پیکۆ ١٩١٦**
**پەیمانی سێڤر ١٩٢٠**
**پەیمانی لۆزان ١٩٢٣**

لێ سەرەرای ئەو هەموو قوربانی و تێچووە و دەستکەوتی بەرچاوی بزاڤی ڕەوای کورد، نابێ لە پیلانگێڕیی داگیرکەران بە تایبەتی پیلانی شوومی چەندین ڕەهەندەی ترسناکترین داگیرکەر و دڕندەی ڕژیمی ئێران لە مەڕ سڕینەوە و ئاسیمیلە کردنی زمان، ناسنامە، فەرهەنگ، مێژوو و شوناسی نەتەوەیی نەتەوەی کورد غافڵ بین ، ئێستا زمانی کوردی هەڕەشەی لە سەرە و ڕژیمی داگیرکەر دەیهەوێ لە ڕێگەی ڕۆژنامە، تەلەفیزیۆن و دەزگاکانی پڕوپاگەندای خۆیەوە پڕش و بڵاوی و شێوان دروست بکا و وەک چۆن خەریکی گۆڕینی دێمۆگرافی و جوغرافیای کوردستانە ، بەم شێوەیە لە هەوڵی گۆڕینی زمانی کوردی دایە، داگیرکەران لەوە تێگەیشتوون کە زمان ناسنامەی گەلە و گەلێک زیندوویە کە زمانەکەی زیندوو بێ، هەر بۆیە دەیانهەوێ بە لە ناو بردنی زمان و کلتووری نەتەوەی کورد، بوون و مەوجوودیەتی بسڕنەوە.

دوژمنانی دڕندە و مێژوویی گەلی کورد بە هەموو توانایانەوە لە وزەی سەرەکی و پاڵنەر و بزوێنەری فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئێمە تێگەیشتوون و جیا لە هێرش و پیلانگێڕی دژی ئەو فەلسەفە کاریگەرە لە ژێر ناوی عێراقی، ئێرانی، سووریەیی، تورکیەیی، هەوڵی سڕینەوەی شوناس و هۆویەتی کورد و کوردستانی بوونی تاکی کوردیان داوە و بە تێچووی بێ ئەژماری ئابووری لە هەوڵی دزین و بە تاڵان بردنی مێژوو و شارستانیەتی ئێمە دابوون و بە ناوی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و جوغرافیای نەتەوەی کورد و باقی نەتەوە غەیرە فارسەکان مێژوو و جوغرافیا و نەتەوەیان بۆخۆیان دروست کردووە و بەم چەشنە نەتەوە سازییان کردووە.

## نەتەوە و وڵاتی جەعلی و ساختەی ئێران

بە مەبەستی داگیرکاری و لە ناو بردن، کورد و باقی نەتەوەکان خراونەتە ناو جوغرافیایەکی دەستکرد و جەعلی بە ناوی ئێران و بە دروستکردنی وەها جوغرافیایەک هەوڵیان داوە کورد و هەموو نەتەوەکان بە ناوی یەک نەتەوە و لە ژێر یەک زمان و یەک ئاڵا و یەک خاک لە قەڵەم بدەن .

ئەوەش سیاسەتێکی سەردەمی ڕەزا شا بووە بە دژی نەتەوەکانی کورد، بەلووچ، عەرەبی ئەحواز، تورکی ئازەری، کاسپیەن و مازەنی، گیلەک و ... تاکوو هەر هەموویان وەک ئێرانی ناودێر بکەن بۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی داگیرکەر .

شۆڤێنیسمی فارس و پان ئێرانیسم، لە ڕێگەی توند و تیژی و زەبر و زەنگی بێڕەحمانە و لە ژێر ناوی ئێرانی بوون دا هەوڵی داوە، ئەو جوغرافیایە وەک یەک وڵات و لە ژێر سێبەری یەک ئاڵا و یەک زمانی واحید پێناسە بکا و هۆویەت و ناسنامە و شوناسی باقی نەتەوەکان بسڕێتەوە و ئەوەش بە ئیلهام وەرگرتن لە ئاڵمانی نازیی ئەوکات کاری بۆ کراوە و ئەسڵی تەرحەکە لەوێ وەرگیراوە، ئەگینا ناوی ئێران کەمتر لە سەد ساڵی مێژوو هەیە و ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی کەسانێکی وەک سەعید نەفیسی، محەممەدعەلی فرووغی و سەید حەسەن نەقی زادە هاوکات لە گەڵ ڕەوتی ناسیۆنالیسمی تورکی بە ڕێبەرایەتی داگیرکەر کەماڵ مستەفا ئەتاتۆرک لە هەر دوو وڵاتی تورکیە و پێرشیای ئەوکات کە تەنیا نوێنەرایەتیی فارس و تورکیایان دەکرد، بکەونە بیری ئەوەی ناوی ئێران بۆ خزمەت بە فارس و توانەوەی نەتەوە و زمانەکانی دیکە لە فارسیدا ، بە ڕەزاشای پەهلەوی پێشنیار بکەن و لە ڕۆژنامەی ئەو کاتی ئیتلاعات دا بۆ یەکەم جار داوا لە وڵاتان کرا کە لەمە بەدواوە ناوی پێرشیا بە ئێران بێنن و پێیان بڵێن وڵاتی ئێران.

ROJIKURD
ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# سەرەتا

## کوردستان چۆن دابەشکرا ؟

شەڕی چاڵدێران ١٥١٤
پەیمانی زەهاو ١٦٣٩
سایکس پیکۆ ١٩١٦
پەیمانی سێڤر ١٩٢٠
پەیمانی لۆزان ١٩٢٣

هەڵبەت ئەو ڕەوتە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەرەنجامی ئاڵووگۆڕ و ڕووداوەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و زەق بوونەوەی ڕەوتی چینایەتی لە کۆتاییهێنان بە سەردەمی بەگ و ئاغاواتی.

لە سووریە و عێڕاق بەردەوام هەوڵ دراوە کورد وەک عەرەب و لە تورکیە وەک تورکی شاخستانی و لە ئێران وەک ئێرانی و فارس پێناسەی بۆ بکەن.

ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە پشت بەستن بە بەڵگەی زانستی و مێژوویی ، شوناسی تاکی کورد نە ئێرانییە، نە عێڕاقی، نە سووری و نە تورکی، بەڵکوو هەموو تاکێکی کورد، کوردە و کوردستانیە و خاک و جوغرافیاکەی کە لە لایەن داگیرکەرانەوە داگیر کراوە ناوی کوردستانە.

بە پێی هەلومەرج و گۆڕانکاریەکان و بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی لە ئەمڕۆ دا تاکی کورد گەیشتووتە ئاستێک کە لەوە تێبگا ، بە ناوی ئێرانی،سووری،تورکی و عێڕاقی دەیانهەوێ پێناسەی کورد بوونی لێ زەوت بکەن.

تاکی کورد گەیشتۆتە ئەو باوەڕە کە دەبێ خاک و نیشتمانەکەی لە دەستی داگیرکەر ڕزگار بکا و خەباتەکەی بۆ ئەوە بە فیڕۆ نەدا کە لە چوارچێوەی ئێران، عێڕاق، سووریە و تورکیە دا بمێنێتەوە یان خەبات بکا بۆ ئەو خەیاڵەی خاوەی کە پێیوایە ئەرکی ئەوە و دەتوانێ وڵاتانی داگیرکەر دێموکراتیزە بکا.

پێویستە بڵێین هەر وەک چۆن زمانێک بە ناوی ئێران بوونی نییە ، جوغرافیا و نەتەوەیەکیش بە ناوی ئێران و ئێرانی دەستکرد و جەعلیە و بوونی نییە.

## پێناسەی نەتەوە

بە پێوەری زانستی و بە پێناسەی نێونەتەوەیی لە مەڕ سەلماندنی نەتەوەیەک دەبێ بگوترێ کە نەتەوە پێناسەیەکی دیاری هەیە و لە پێوانەی نەتەوە دا پێویستیت بە زمان، خاک، مێژوو و هەستی هاوبەش ، کلتوور و فەرهەنگی هاوبەش هەیە و بە گشتی نەتەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا پێوەر و پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە و کەسانێک کە خاوەنی یەک زمان، مێژوو، خاک، فەرهەنگ و کلتوور و هەستی هاوبەش بن بە نەتەوە لە قەڵەم دەردێن و بە ڕیەی زانستی و بەو پێیەی زمان، مێژوو و جوغرافیا و فەرهەنگێکی هاوبەش بە ناوی ئێران و ئێرانی بوونی نییە و تەنیا دەستکرد و داتاشراوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئێران و ئێرانی بوون، لە ڕەوتێکی نەتەوەسازیدا و لە سەر ئەساسی ئینکاری نەتەوەکانی دیکە، دروستکراوە.

بۆیە مانەوە لەو چوارچێوە دەستکرد و جەعلییە بە مانای مانەوەیە لە ژێر دەستەیی و قەبووڵکردنی کۆیلایەتی.





ROJIKURD
ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیـۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# دەوڵەت و دەسەڵات

## سیستمی سیاسی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خودموختاری
فیدراڵی
کۆنفدراڵی
سەربەخۆیی

### خودموختاری:

خودموختاری یا ئۆتۆنۆمی کە لە مانای وشە دا واتای سەربەخۆیی و ئازادی دەدا، لە ناو دنیای سیاسەت دا بە مانای سەربەخۆییەکی چوارچێوە بۆ دانراوی یەکەیەکی سیاسیە.
خودموختاری لەو وڵاتانەی کە خاکەکەیان لە لایەن داگیرکەرانەوە داگیر کراوە ، قۆناغی پێش سەربەخۆیی و ئازادییە کە خەڵکانی سەر بە قەوم یا نەتەوەیەک لە بواری سیاسیەوە خۆیان ئیدارە دەکەن بەڵام لە بواری سیاسەتی دەرەکی و بەرگری، لە ژێر ئەمر و فەرمانی حکوومەتی ناوەندی دان.
خودموختاری شێوەیەکە لە بە دەستەوە گرتنی شووڕای شار و گوندەکان و ناردنی کەس یان کەسانێک بۆ پارلمانی دەوڵەتی ناوەندی و لە ڕاستیدا هەموو بڕیارە گرینگەکان لە ناوەندەوە دەردەکرێن.

### فیدراڵیزم:

فیدرالیزم یان فیدرالیەت شێوازێکە لە شێوازەکانی حوکمڕانی کە تیایدا دەسەلاتەکان بە گوێرەی دەستوور و یاسا لە نێوان حکومەتی ناوەندی و یەکەی تری حکومی بچوکتر دابەشکراون (هەریم و ویلایەتەکان)، ئەو دوو ئاستە ئاماژەپێکراوەی حکومەت پشت بە یەکتری دەبەستن و بەشداری لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و حکوومەت دا دەکەن.
فیدرالیزم بە مانای دابەش کردنی هێز و دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و ناوچە فیدراڵەکان دا دێ و هێز تەنیا لە ناوەند کۆ نابێتەوە و لە بوارەکانی سیاسی و ئابووریدا دابەش دەبێ.
فیدرالیزم شێوەی جۆراوجۆری هەیە کە چەند شێوەیەکی وەک ئوستانی، جوغرافیایی ، نەتەوەیی لە بەرچاوترین شێوەکانی ئەو سیستمە سیاسیەیە.
فیدرالیزم تاکوو ئێستا لە وڵاتانی داگیرکەر و تۆتالیتێر و بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانیوە وەڵامدەر بێ و لە گەڵ شکست بەرەوڕوو بۆتەوە.

### کۆنفێدراڵی:

کۆنفێدراڵی، یەکبوون، یەکگرتوویی و هاوپەیمانیی نێوان دوو وڵات یا ئەیالەتی سەربەخۆیە کە بە پێی ڕێککەوتنی دوو لایەن پێگە و دەسەڵاتی هەر کامیان دیاری دەکرێ.
لەو سیستمە دا کە زیاتر لە نێوان وڵاتان جێبەجێ دەکرێ، لایەنەکان لە کاروباری بەڕێوەبەری وەک پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیان سەربەخۆن و هەندێک بەرژەوەندیی سیاسی،ئابووری و نیزامی دەبێتە هۆی یەکگرتوویی و هاوپەیمانێتیی ئەوان.یەکێتیی ئورووپا یەکێکە لە نوێترین نموونەکانی نیزامی کۆنفدراڵی.

### سەربەخۆیی:

نەتەوەیەک کە خاک و وڵاتەکەی لە لایەن وڵات یا چەند وڵاتێکەوە داگیرکراوە، بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات هەوڵ بۆ وەدەرنانی داگیرکەر دەدا و وڵاتی سەربەخۆی خۆی ڕادەگەیەنێ.





ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# دەوڵەت و دەسەڵات

## سیستمی سیاسی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**خودموختاری**
**فیدراڵی**
**کۆنفدراڵی**
**سەربەخۆیی**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی سێ دەیە بۆ گەیشتن بە خودموختاری خەباتی کرد و جیا لەوەی تێچوو و قوربانییەکی زۆری دا بەڵام هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، بۆیە حیزب و لایەنە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات ڕوویان لە دروشم و سیستمێکی سیاسیی دیکە بە ناوی فێدرالیزم کرد.
ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی فیدراڵی دێتە بەر باس ،لەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان داگیر کردووە، ناتوانێ وەڵامدەر بێ، چونکە بە ناسیاوی و شناختێک کە لە سەر پان ئێرانی و شۆڤێنیسمی فارس هەیە، هیچ کات ئەوان نە باوەڕیان بە مافی گەلانی غەیرە فارس هەیە و نە باوەڕیان بە دێموکراسی، هەر بۆیە دەسەڵاتی ناوەندی چ ڕژیمی ئیسلامیی ئێستا و چ پاشایەتی و سەڵتەنەت تەڵەب و موجاهیدین بێ، لە بەرانبەر خواست و ویستی گەلی کورد دا هەر هەموویان وەک یەک بیر دەکەنەوە و بچووکترین ماف بە گەلانی غەیرەفارس ڕەوا نابینن.

ئەوان خۆیان لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکە دا بە باڵا دەست و گەورە دەزانن و پێیان وایە بە خێری خۆیان هەندێ ماف دەدەن بە نەتەوەکانی تر.

ئێرانیەکان پێیان وایە دەبێ دەسەڵاتێکی ناوەندی بە سەر هەموو ئێراندا زاڵ بێ و لە زیهنیەتی ئەواندا فیدراڵی و شێوەکانی هەر مانای دابەشکردنی ئێران دەدا.

ئێرانیەکان لە باشترین حاڵەتی خۆیاندا باوەڕیان بە سیستمی فیدراڵیی ئیداری هەیە و فیدرالیی جوغرافیایی ، نەتەوەیی بە هێڵی سوور لە قەڵەم دەدەن .

ئێرانیەکان لە سیستمی داهاتوو دا باوەڕیان وایە کە دەکرێ ئوستاندار یا فەرماندارێک کورد بێ و نەک کورد لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ... دا بەشدار بێ.

گۆڕانکاری لە ئاستی جیهانیدا کار دەکاتە سەر ئەوەی ئێرانیەکان بە ناچار کۆمەڵێک پرسی وەک دێموکراسی و فێدراڵی قەبووڵ بکەن، بەڵام دێموکراسی و فیدراڵییەتێک کە تەنیا لە چوارچێوەی پێناسە و تەعریفی خۆیان دا بگونجێ و بە پێی ناسیاوی و شناخت و تەعریفێک کە بۆخۆیان لە دێموکراسی و فیدراڵی هەیانە و بە مەرجێک و تا جێگەیەک مافی کورد و نەتەوەکانی دیکەیان لە لا پەسەندە کە لەو هێڵەی ئەوان دیارییان کردووە، لانەدا و بە گشتی دێموکراسی و فیدراڵییان تا ئەو جێگە قەبووڵە کە خزمەت بە نەتەوەی باڵا دەست و ئێرانی بوون دابێ، نەک لە خزمەت بە نەتەوەکانی دیکە دا.




ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# دەوڵەت و دەسەڵات

## سیستمی سیاسی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خودموختاری
فیدراڵی
کۆنفدراڵی
سەربەخۆیی

ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر بچووکترین دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ، هەوڵی بۆ سەربەخۆیی داوە ،لە خانی لەپ زێرین ڕا تا شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ و کۆماری کوردستان، گشتیان هەنگاو نان بوون بۆ دەوڵەت و حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان.

بە داخەوە هەر چەندە بە هۆکار گەلێکی بە دوور لە زانست و واقعی بەردەم و سەلماندنی مێژوویی سەرجەم تاک و لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵات، کە دەبوایە خاوەن هەڵوێستێکی کارامە و کارگێڕ بایەن بەڵام، دانەبڕاوی لە هزری کۆن و ئێرانیچێتیی باو ، هیز و توانای هزری و مەیدانیی ، هەندێ لایەن وزە و توانای خۆیان بە باس و بابەتی فیدراڵی و دێموکراتی و ... بە فیڕۆ دەدەن.

لە کاتێکدا ڕێکاری مەحکەمە پەسەند لە بەردەم هەر نەتەوەیەکی ژێردەستە و داگیرکراو تەنیا یەک ئامانجی دیار و بەرچاو و شیاوە کە ئەویش بریتییە لە :
چوونە دەرەوەی داگیرکارە لە خاک و زێدەکەی و بۆ ئەو مەبەستە، سەرجەم ڕێکاری بە دوور لە توند و تیژی دەگرێتە بەر و گەر داگیرکەر بە هیچ چەشنێک بە دەنگی وەڵامی دیاریکراوەوە نەهات ، ئەو دەمەیە کە بە پێی یاسای جیهانی و نێودەوڵەتی و ...وەدەرنانی داگیرکار بە هەر شێوازێکی بەرحەق، ڕێگە پێدراو و مەشرووعە.

بۆ نەتەوەی ژێر دەستە و خاک داگیر کراو ، ئەوە گرفت و ئەرکی نییە کە:
داگیرکار هەنگاو بەرەوە دێموکراتیەت و دێموکراسی دەنێ یا نا؟
پارلمانی، فیدراڵی، خودموختاری و ... پێڕەو دەکا یا نا؟
ئێمەی نەتەوەی کوردی خاک داگیرکراو و ژێر دەستە نە خۆمان بە کوێخای نەتەوەی زاڵ و باڵا دەست دەزانین و نە ڕێگەش دەدەین هیچ لایەنێکی غەیرە نەتەوەییمان ببێتە دەم ڕاست یا نوێنەر.

بیرمەندان و تێکۆشەران و تەنانەت زۆر یەک لە شەهیدان و گیان بەختکردوانی گەلەکەمان هەوڵی ئەوەیان داوە و ئێمەش ڕێگە و ڕێبازیان درێژە پێدەدەین ، چونکە :
بۆ هەر چەواشەکارییەک و بەلارێدا بردنی تاکی کۆمەڵگای کوردەواری لە ئامانجی پیرۆزیان، وەڵامدەری پیلانی شوومی دوژمنان بوون و لێیان کردوونەتەوە بلقی سەر ئاو.
بۆ نموونە: لە کافربوون و دژەخوا و کائیناتی کورد، داردەستی ئەم یا ئەو وڵات! تەجزیە تەڵەب و شتی زۆر ساویلکانەی دیکە! بە کورتی و بە کوردی ئاماژەمان دایە ئەوەی:
وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو و چەوساوە ، بە ڕاشکاوی خوازیاری دەرچوونی داگیرکەر و کۆتاییهێنان بەو تاڵانکارییەن لە سەر خاکی باو و باپیرانمان و بەس.



ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# دەوڵەت و دەسەڵات

## سیستمی سیاسی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**خودموختاری**
**فیدراڵی**
**کۆنفدراڵی**
**سەربەخۆیی**

ئەوەی کە: ئەو جوغرافیا و سنوورە دەستکردەی بە زۆر و دزە لە ژێر هاوپەیمانییەتیەکاندا هاتۆتە ئاراوە، نەتەوەی چەوساوە لێی بەرپرس نییە  کە داهاتووی ئەو جوغرافیا ساختەیە بە چ ئاقارێک دا دەڕوا  و چی بە سەر دێ و  هەر چی بە سەر ئەو جوغرافیا شوومە دا بێ، دەرئەنجامی کوشتار و قەڵا چۆکردن و جینۆساید و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامان و بەدفەڕیی خۆیانە و ئەوان بەرپرسی هەر شتێکن.

زیندووترین و نەتەوەییترین بەش، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە،زیندوویی و لە سەر پێ بوونی ڕۆژهەڵات لەوە ڕا خۆ دەردەخا کە ئەگەر ڕووداو یا پرسێک لە هەر کام لە پارچەکانی تر دێتە گۆڕێ، ئەوە کوردی ڕۆژهەڵاتە کە هەڵویست دەگرێ و لە شادی پارچەکانی دیکە دا شایی دەکا و لە غەم و نەهامەتیان دا شیوەن دەگێڕی، شەنگال و ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشوور،کۆبانی و عفرین لە ڕۆژئاوا،گیرانی ئۆجەلان و دێمیرتاش لە باکوور و هەڵویستی ڕۆژهەڵات لە سەر ئەو پرسانە هەمووی شایەد و بەڵگەی سەلمێنەرن بۆ نەتەوەیی بوون و لە سەرپێ بوونی ڕۆژهەڵات.

فیدراڵ خوازەکان باوەڕیان  وایە کە سەرەتا دەبێ هەوڵ بۆ سیستمی فدراڵی بدرێ و دواتر کار بۆ سەربەخۆیی بکرێ.

لێ ئەگەر چاوێک بە فیدراڵیی  باشووری کوردستان  دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی خاکی کوردستانیان داگیر کردووە، هیچ کات نابنە خاوەن سیستم و حکوومەتێکی دێموکرات کە دان بە مافەکانی گەلی کورد تەنانەت لە سیستمی فیدراڵ دا بێنن.

پاش نزیکەی ٢٠ ساڵ لە سیستمی فیدڕالیی عێراق و خواستی زیاتر لە ٩٣ لە سەدی گەلی کوردستان لە باشوور، بینیمان کە سیستمی فیدراڵی تا ئەو کاتە دەپارێزرێ کە حکوومەتی ناوەندی لە لاوازی دابێ.

کە واتە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ فیدراڵییەک تاقی کەینەوە کە لە باشوور لە گەڵ شکست بەرەوڕوو بوو و بۆ چی لە ئێستاوە خەبات بۆ سەربەخۆیی نەکەین؟

ئینجا ڕەوشی عێراق جەعلی لە گەڵ ئێرانی جەعلی جیاوازییەکی گەورەی تێدایە و ئەویش ئەوەیە کە: ئێرانی دەستکرد وەک عێڕاقی دەستکرد نییە کە تەنیا بریتی بێ لە دوو نەتەوەی باڵا دەستی  کورد و عەڕەب، ئێران خاکی عەڕەب، بەلووچ، کورد، تورکی ئازەری، تورکمان،گیلەک و مازەنی و چەندین نەتەوەی دیکەی داگیر کردووە و خواستی زۆرینەشیان سەربەخۆییە و گومان لەوە دا نییە کە بە پلەی یەکەم و دوای ڕووخانی ڕژیمی ئێستای ئێران، عەڕەبەکان بە پشتگیریی وڵاتانی عەڕەبی و ناوچەکە و تورکە ئازەرییەکان بە پاڵپشتی وڵاتانی تورک  سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن و ئەوەش ئاسانکارییە بۆ نەتەوەکانی دیکە.




ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان



Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# دەوڵەت و دەسەڵات

## سیستمی سیاسی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خودموختاری
فیدراڵی
کۆنفدراڵی
سەربەخۆیی

خواستی کورد لە ڕۆژهەڵات سەربەخۆیی خوازییە و پشتیوانی و داکۆکی لە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشوور سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

تاوانە ئەگەر ئێمەی کورد پاش ڕووخانی ڕژیمی ئێستای ئێران، بگەڕێینەوە تاران و لە هەوڵی بووژاندنەوەی دەسەڵاتی دووبارەی حکوومەتی ناوەندیی بە ناو ئێران دابین.

پێویستە یەکگرتوانە لە گەڵ نەتەوە غەیرە فارسەکان لە لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی کەڵک وەرگرین و هەڵەی دیالۆگ و دانوستان و پێکهاتنی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە گەڵ ڕژیمی ئێران دووبارە نەکەینەوە و ئەگینا مێژوو دیسان بۆ ئێمەی کورد دووپاتە دەبێتەوە و جارێکی تر پێشمەرگە دەبێ چەک لە شان ڕوو لە چیاکان بکەنەوە و بە دژی دەسەڵاتی نوێی پان ئێرانی و شۆڤێنیسمی فارس خەبات بکا.

دووپاتە کردنەوە و دووبارەبوونەوەی هەڵە و خەتا، گوناحێکە کە مێژوو بە ئاسانی لە بکەرانی خۆش نابێ.

تاکی کورد ئێستا گەیشتۆتە ئەو قەناعەت و بڕوایەی چیدیکە ئەوە قەبووڵ نەکا کە خاک و جوغرافیا و مێژووەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە تاڵان بکرێ.

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# بەرەو سەربەخۆیی

## یەک یا چەند دەوڵەتی کوردستان؟

کوردستانی باکوور
کوردستانی ڕۆژهەڵات
کوردستانی باشوور
کوردستانی ڕۆژئاوا
کوردستانی سوور
و ...

لە پێوەندی بە کوردستانی گەورە و یەکخستنەوەی خاکی کوردستان ڕەنگە لە هەلومەرجی ئەورۆ دا دژوار و ئەستەم بێ و بە گشتی خاکی کوردستانی مەزن، جێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی زانستی و ئاکادێمیە و هاوتەریبە لە گەڵ دۆخی سەردەم و بۆیە بە باشی دەزانین هەر لە ئێستەوە دەستپێشخەری لە سەر نەکەین، بەڵام دەکرێ هەر کام لە حیزب و ڕێکخراوەکانی پارچەکانی کوردستان، بە جیا و بە بێ دەستێوەردان لە ڕەوشی پارچەکانی تر ، هەوڵ و خەباتەکەیان بۆ ئەو پارچەی کە خۆیان لێی لە دایکبوون ، چڕ بکەنەوە .

دەکرێ کوردستان لە جیاتی ئەوەی بێ بە یەک وڵات، بێ بە چەندین  وڵات و لە نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین نوێنەری هەبێ و وەک چۆن هەندێ وڵاتی بچووکی عەڕەبی، ئێستا وڵاتن و سەرەڕای ئەوەی هەموو عەڕەبن، بەڵام بە جیا جیا خاوەن  وڵات  و نوێنەرن لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەر کام لە حیزبەکانی پارچەکانی کوردستان، دەکرێ کار بۆ ئازادی ئەو پارچەیە بکەن کە لێی هەڵقوڵاون و  خەباتی بۆ دەکەن و پاش ئەوەی هەموو کوردستان لە داگیرکەر پاککرایەوە و چوار دەوڵەتی کوردستانی ڕاگەیەندرا، هاوپەیمانییەک لە چەشنی یەکێتیی ئورووپا و ...بۆ ئەو چەند  دەوڵەتەی کوردستان دروست بکرێ  و لە ئەگەری هەر هەڕەشە و هێرشێک بۆ هەر کام لە وڵاتانی کوردستان، هەر هەموویان پێکەوە هاوکار و پاڵپشتی یەک بن و ئەگەریش لە ڕێفراندۆمێک دا گونجا کە هەر هەموویان  لە چوارچێوەی کۆنفدراڵی یان ئەیالاتی یەکگرتووی کوردستان بخرێنەوە سەر یەک ، ئەوە ئەوکات دەکرێ، بڕیاری لە سەر بدرێ.

بۆ ڕەوشی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستە لە گەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکە کە خاکەکەیان لە لایەن ئێرانەوە داگیر کراوە و باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە، هاوپەیمانییەک بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئێران پێک بهێندرێ.
بەڵام باشتر وایە پێش ئەوەی لە گەڵ نەتەوە غەیرە فارسەکان ڕێکبکەوین، بۆخۆمان پێکەوە لە دەوری یەک مێزی یەکدەنگ کۆببینەوە.

لە خەباتەکەماندا ڕاستگۆ نین ئەگەر بتوانین لە گەڵ غەیرە کورد لە دەوری یەک مێز کۆببینەوە بەڵام نەتوانین بۆخۆمان وەک کورد و کوردستانی لە دەوری یەک مێز پێکەوە کۆببینەوە.

ئەگەر ئێمەی کورد بتوانین لە گەڵ عەڕەبی ئەحوازی، تورکی ئازەری، بەلووچ،تورکمان،فارس و کاسپیەن هاوپەیمانی پێک بێنین و بتوانین لە گەڵیاندا لە سەر یەک مێز دابنیشین ، چۆن دەبێ پێکەوە واتە لە گەڵ کورد نەتوانین لە سەر یەک مێز و یەک ناوەند و بەرە دا کۆبینەوە !!!؟

پێکهێنان و دامەزراندنی ناوەند یا کۆنگرەیەک بۆ سەرجەم هێز و لایەنە سەربەخۆییخوازەکان پێویستێکی هەنووکەییە و هاوکات پێکەوە کارکردنی هەموو هێزە کوردستانیەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەروورەتێکی مێژووییە.



ROJIKURD
ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION
کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# تاکە حیزب ، فرە حیزبی

## حیزب وەک کەرەستە و ئامراز

پارت و حیزب
ڕێکخراو و دامەزراوە
بزووتنەوە
و ...

لە کوردستان مێژووی سەرهەڵدانی حیزب لە شێوەی ئەورۆپی خۆیدا بۆ نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

حیزب و ڕیکخراوەکان بۆ ویست و داواکاریی گەلی کورد و بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد خەباتیان کردووە و بۆ ئەو مەبەستەش دامەزراون.

زۆربەی حیزبەکانی کوردستان بە هۆی هەلومەرجی نالەباری کوردستان و بە ئامانجی خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەی کورد و ڕزگاریی کورد لە ژێر دەستەیی و داگیرکاری دامەزراون.

لە کوردستانی داگیرکراو لە لایەن ئێرانەوە ، دەیان حیزب و ڕێکخراو و سازمانی دژ بە ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە ڕژیمی پاشایەتییەوە تا ئەورۆی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران دامەزراون و خەباتیان کردووە و لەو پێناو ئازادی دا گەلێک قوربانی و تێچوویان داوە.
هەزاران ڕۆڵەی کورد لە کیژ و کوڕ، لە لاو و پیر، لە ژن و پیاو و منداڵ و مێرمنداڵ بوونەتە قوربانی و گیانیان بەختی ئازادی کردووە و شەهید بوون.ا

لە  ڕۆژهەڵاتی کوردستان  گەلێک حیزب هەبوون و ئێستاش لە مەیدان دان کە خەباتیان بۆ ئازادی کردووە و بە گشتی فرە حیزبی لە کوردستان تا سەردەمی کۆماری کوردستان ڕەچاو کراوە کە هەم خاڵی ئەرێنی تێدا بووە و هەم نەرێنی.

### لێکەوتە نەرێنییەکانی فرە حیزبی بریتین لە:

- ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی شەق بوونی کۆمەڵگا و لێک ترازانی ڕیزەکانی چالاکوانانی کورد.
- دەبێتە هۆی لە سەر پشت بوونی دەرگاکان بۆ دزە کردنی دوژمنان لە ناو ڕیزەکانی کورد دا.
- لە ناو ئەو فرە حیزبانە دا دوژمن بە سانایی و لە بەرگی ئایدیۆلۆژیای هاوردەی خۆی و بە پیلانەوە خۆ دەخزێنێتە ناو ڕێزەکانیان و هەوڵ دەدا بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

- دەرئەنجامی ئەو لێکەوتانەی ئاماژەی پێکرا ، بۆ بەردەوامی و گشتگیرکردنی ئەو پیلانە شوومانە دەگاتە ئاستێک، خوێنی ڕۆڵەی ئەو گەلە بە دەستی یەک برژێ و لە ئەنجامدا داگیرکەر بە تەواوەتی خۆی دادەسەپێنێ(( ئەم شێوازە شووم و دڵتەزێنە کە بە شەڕی ناوخۆیی ناودێر کراوە، گەلێک لێکەوتەی خراپ لە  گەشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، نەتەوەیی و بگرە سروشتی و ئایینی و ڕوانینی ناحەز لە سەر کورد لە ئاستی جیهانیدا بە دوای خۆیدا دێنێ))




ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# تاکە حیزب ، فرە حیزبی

## حیزب وەک کەرەستە و ئامراز

**پارت و حیزب**
**ڕێکخراو و دامەزراوە**
**بزووتنەوە**
**و ...**

### لێکەوتە ئەرێنییەکانی فرە حیزبی بریتین لە:

- ئاگادارین کە سەرهەڵدانی هەر حیزبێک بە ڕێژەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ویستی کۆمەڵگا و واتە بۆشایی یا کەمایسیەک کە لە کۆمەڵگا لە ئاستی سیاسی دا زەق و بەرچاو ە ، ئەوەش دەبێتە هۆکار کە کۆمەڵێک چالاکوان، لە ژێر ناوی لایەنێکی سیاسی دا و خاوەن بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیایەکی دیار ، هەوڵ دەدەن، ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە.

- بۆ ئەوەی ڕێکخراو یا حیزبی تازە دامەزراو جێگەی پەنجەی لە خزمەت بە کۆمەڵگاکەی دیار و بەرچاو بێ دەبێ هەندێ خاڵ وەبەر چاو بگرێ :

ئا: ناسینی هەمە لایەنەی بزاڤی بەردەمی کۆمەڵگا
ب: ناسینی ئەو بۆشاییە کە ئەوی لە سەر خوڵقاوە، بە شێوەیەکی زانستی و عیلمی بێ کە نەبێتە هۆی قوربانی بوونی برگەی- ئا-
پ: بە کارهێنانی هەندێ ڕێکاری سیاسی و ئایدئۆلۆژیی باو لە جیهاندا و هەروەها داڕشتنەوەی هەر پرۆژەیەک لە هەر سەردەمێک دا بۆ کۆمەڵگایەکی تایبەت بە فەرهەنگ و نەریت و مێژوویەکی تایبەت بە خۆیان هاتۆتە ئاراوە و هێنانە ئارای ئەو بیرۆکە یا ئەو ئایدئۆلۆژیایە بۆ ناو کۆمەڵگائەکی جیاواز لەوکارێکی سادە و ساکار نییە.

ت: ئێمە ئەگەر بە بواری ئەرێنی لە هەموو برگەکانی ئاماژە پێکراو بنوارین، دیسانەوە لە بواری دەروونناسی، کۆمەڵناسی و ... وەبەر چاوی بگرین، نابێ و ناگونجێ و بە دوور لە چاوەڕوانییە کە کۆمەڵگایەک بکەینە ئەو ئایدئۆلۆژییە تایبەتە ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو ئایدئۆلۆژیایەیە کە دەبێ ڕەنگ و بۆی خۆی لە گەڵ کۆمەڵگا ڕێک بخا.

پێویستە ئێمە وەک کورد ، وەک ئامراز کەڵک لە حیزب و حیزبایەتی وەربگرین و ڕوانینی هەمووومان بۆ حیزب وەک کەرەستە و ئامراز بێ و بەم شێوەیە کەڵک لە حیزب وەرگرین، با حیزبمان بە لاوە پیرۆز و موقەددەس نەبێ و تەنیا وەک ئەبزار و وەسیلەیەک لێی بڕوانین بۆ گەیشتن بە ئامانج.
پێویستە ئامانج نەکەینە قوربانیی بەرژەوەندیی حیزبی ، ئایدئۆلۆژی و تاکە کەسی، بەڵکوو ، حیزب پێویستە بکرێتە ئامراز و ئالیەت لە خزمەت بە گەل و خاک و نەتەوە و نیشتمان و ئامانج.

نەتەوەی کورد پێویستە، بە دوور لە دەمارگرژیی حیزبایەتی و بە بێ بیرکردنەوەیەکی تەسکی قەتیس کراو لە چوارچێوەی یەک حیزب دا، تەنیا بیر لەوە بکاتەوە کە کورد بوون و کوردستانی بوون لێکمان نزیک بکاتەوە و کوردایەتی لێکمان گرێ بداتەوە .




ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# تاکە حیزب ، فرە حیزبی

## حیزب وەک کەرەستە و ئامراز

**پارت و حیزب**
**ڕێکخراو و دامەزراوە**
**بزووتنەوە**
**و ...**

دەبێ شەڕی ناوخۆیی(( خۆکوژی)) و بێڕێزی بە هێما نەتەوەییەکانی گەلی کورد وەک هێڵی سوور دەستنیشان بکرێن و هەوڵ بدرێ ڕەخنەی ڕووخێنەر و بێڕێزیکردن، جێگەی خۆی بدا بە ڕەخنە و پێشنیاری سازێنەر و بنیاتنەر و هەر تاکێک خۆی بە خاوەنی ئەو بزاڤە بزانێ ئەوە هیچ کات لە خزمەت بە گەل و نیشتمانی دوور ناکەوێتەوە .

ئێستا جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووس ساز دا تێپەڕ دەبێ و دوای سەدان ساڵ قوربانیدانی گەلی کورد، بەو واقیع و ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە گەیشتووە کە کوردستان بایەخ و جێگە و پێگەی تایبەتیی خۆی هەبووە و هەیە و دەبێ بێ و نەخشە ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەر لە نوێ دادەڕێژرێتەوە.

گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی حەفتا ملیۆنی کە سەدان ساڵە دابەش کراوە و خاک و جوغرافیای لە لایەن داگیرکەرانەوە، بۆتە موستەعمەرە و لە ئێستا دا سەربەخۆییخوازی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە ویست و داخوازیی سەرەکیی گەلی کورد، بوونی بزووتنەوەیەک کە ویستی سەربەخۆییخوازی بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی ئوسوولی، مەنتقی و پلان بۆ دارێژراو بێنێتە گۆڕێ، پێویستییەکی زەرووری و هەنووکەیی بوو.

بە لە بەر چاو گرتنی خواستی کۆمەڵگای کوردستان و هەروەها ڕەوشی ناوچەکە و جیهان لە مەڕ سەربەخۆیی گەلان و مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی یاسایی و نێونەتەوەیی، بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان لە ڕۆژی ١٧ی بەفرانباری ٢٧١٨ی کوردی دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند.




ROJIKURD ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێشنیار و داواکاری

## بڕیاری نیشتمانی

شەڕەفنامەی نیشتمانی
بەرە و ناوەندی نیشتمانی
هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی
یاسای بنەڕەتی
دەوڵەت و حکوومەتی کاتیی کوردستان لە تاراوگە و دوور خراوەیی
و ...

## شەڕەفنامەی نیشتمانی

لە شەڕی خۆکوژی و براکوژی دا جگە لە دوژمن هیچ لایەنێک براوە نییە و وەها شەڕێک مەحکوومە.
پێویستە حیزب و لایەنە کوردستانیەکان لە بڕیارێکی نەتەوەیی دا پەیماننامەیەک لە ژێر ناوی شەڕەفی نیشتمانی واژۆ بکەن و تێیدا شەڕی کورد بە دژی کورد وەک حەرام لە قەڵەم بدەن و هەر لایەنێک هەڵگیرسێنەری وەها شەڕێک بوو وەک تاوانبار و خائین بە گەل و نیشتمان بناسێندرێ.
با شەڕی ناوخۆیی کورد و کورد بکرێتە هێڵی سوور و هیچ لایەنێک جورئەت وغیرەتی ئەوە نەکا بەرانبەر بە خوشک و برای خۆی چەک بتەقێنێ.
پێویستە وانە لە مێژوو وەرگرین و بە فیتی دوژمنان نەکەوینە داوی شەڕی ناوخۆیی.
لە شەڕی کورد بە دژی کورد دا دۆڕاوی سەرەکی نەتەوە و گەلی کورد و کوردستانن.

## سوێندی نیشتمانی

ئەمن ......... وەک کوردێکی باوەڕمەند بە سەربەخۆیی کوردستان، سەر و ماڵ و گیانم تەرخان دەکەم لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و هەمیشە لەو پێناوە دا ئامادەی گیانبازی و گیانفیداییم.
ئەمن سوێند دەخۆم بە شەرافەت و کەرامەت، بە ئینسانیەت و مرۆڤایەتی، بە بیر و باوەڕ و ویژدانم .
سوێند بە بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان.
سوێند بە خاک و نیشتمان ، بە نەتەوە، بە ئاڵا، بە هێمای نەتەوەیی و نیشتمانی و سەربەخۆییخوازی.
سوێند بە گیان و خوێنی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.
بەڵێن و پەیمان دەدەم:
تا دوایین هەناسەی ژیان، لە بیر و باوەڕ و ڕێبازی سەربەخۆییخوازی لانەدەم و تا دوا دڵۆپی خوێنم، پارێزەری سەروەریی خاک، ئاڵا، نەتەوە و نیشتمانی پیرۆزی کوردستان بم و بە ویژدان و شەرافەتەوە پارێزگاری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکەم.
بەڵێن دەدەم و لە گەڵ پیرۆزییەکانی کورد و کوردستان پەیمان دەبەستم بۆ یەک چرکەش خەیانەت بە خاک و گەل و نەتەوە و نیشتمانم نەکەم و وەک کوردێکی ناسیۆنالیست هەموو کوردێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرم بە هەر بیر و باوەڕێکەوە کە هەیەتی خۆش بوێ .
بەڵێن دەدەم: بە چەک، بە قەڵەم ،بە بیر و باوەڕ ، تا دوا هەناسەم پێشمەرگەی ڕێگە و ڕێبازی کوردایەتی و سەربەخۆییخوازی بم.

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێشنیار و داواکاری

## بڕیاری نیشتمانی

شەرەفنامەی نیشتمانی
بەرە و ناوەندی نیشتمانی
هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی
یاسای بنەڕەتی
دەوڵەت و حکوومەتی کاتیی کوردستان لە تاراوگە و دوور خراوەیی
و ...

## بەرە و ناوەندی نیشتمانی

پێکهێنانی بەرە یان ناوەندێکی سەربەخۆییخوازی گرینگێکی حاشا هەڵنەگر و زەروورەت و پێویستییەکی هەنووکەییە.

لە هەلومەرجێکدا کە گۆڕانکارییە سیاسیەکان لە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە تایبەتی بە خێرایی ئاڵوگۆڕیان بە سەر دادێ و گۆڕانکارییەکان بە خێرایی تێپەڕ دەبن، هەوڵدان بۆ پێکهێنان و سازکردنی بەرە یان ناوەندێکی نەتەوەیی بۆ لایەنە سەربەخۆییخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی هەنووکەییە.

هەلومەرجی هەستیاری ئەمڕۆیی وا دەخوازێ کە هێز و لایەنە کوردستانیەکان لە دەوری یەک پلاتفۆڕمی هاوبەش بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی کۆببنەوە و خالی هاوبەش ببێتە بنەمای پێکەوە کار کردن و کۆبوونەوە لە دەوری یەک مێز و یەک بەرەی نیشتمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەموو لایەنە سەربەخۆییخوازەکان پێکەوە دانیشتنی لە سەر بکەن چونکە بەرە بە تەنیا بە دوو لایەن و یەک لایەنە پێک نایە، ئێمە وەک بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ئامادەیەن و هیواداریـن سەرجەم لایەنەکانی تریش کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن ئامادەییان هەبێ و وەڵامی ئەرێنی بەم داواکارییە بدەنەوە و چیتر ئەو پرسە پشتگوێ نەخرێ.
بێشک یەکڕیزی و پتەوکردنی ناو ماڵی کورد و سەربەخۆییخوازن ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و لەو پێوەندییە دا ئێمە بە ئەرکی خۆمان دەزانین کە سەرجەم لایەنە کوردستانییە سەربەخۆییخوازەکان بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بانگهێشت بکەین.

## هێز و ئەرتەشی نیشتمانی

لە سیاسەت دا هێز یەکلایکەرەوەی کێشە و پرسەکانە.
پرش و بڵاویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گرێدراویی پێشمەرگە بە تاکە حیزب و لایەنێک و دروستبوونی چەندین هێزی پێشمەرگە لە ژێر ناوی حیزب و ڕێکخراو و بزووتنەوە دا لە داهاتووی ئازادی کوردستان ، کێشە خوڵقێنە .
پێویستە لە ژێر یەک پلاتفۆڕمی هاوبەش ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ژێر ناوی ئەرتەشی کوردستان دا سازمان بدرێ و پێشمەرگە لە خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد دابێ، نەک لە خزمەت بە بەرژەوەندیی حیزب و تاک دا.
پێکهێنانی هێز و ئەرتەشی کوردستان دەتوانێ سەرەتای دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆی کوردستان بێ.



ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێشنیار و داواکاری

## بڕیاری نیشتمانی

شەڕەفنامەی نیشتمانی
بەرە و ناوەندی نیشتمانی
هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی
یاسای بنەڕەتی
دەوڵەت و حکوومەتی کاتیی کوردستان لە تاراوگە و دوور خراوەیی
و ...

## دەستوور،یاسای بنەڕەتی و قانوونی ئەساسی

بۆ بەڕێوە بردنی وڵات بە شێوەیەکی مۆدێرن و سەردەمیانە پێویستیمان بە نووسینەوەی دەستوور و یاسایەکی بنەڕەتیی نیشتمانی هەیە. ئەرکی ڕووناکبیران، یاسازانان و یاسادانەرانی کوردستانە کە لە پێناو نووسینەوە و داڕشتنەوەی وەها یاسایەک هەنگاوی جیدی باوێژن و ئێمە وەک بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان وێڕای یارمەتیدان و پاڵپشتی کردنی وەها پرۆژەیەک، داوا لە سەرجەم هێز و لایەنە کورد و کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات دەکەین کە بە پیل ئەو بانگەوازەی ئێمەوە بێن تاکوو بتوانین بە یەکەوە یاسایەکی بنەڕەتی بە مەبەستی هەنگاو نان بۆ بنیات نانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئامادە بکەین.

هەر لێرەوە داوا لە گشت لایەک دەکەین کە ئەگەر کەس یا کەسانێک دەتوانن لە نووسینەوەی دەستوور و یاسا دا یارمەتیدەرمان بن ، پێوەندیمان پێوە بکەن:
kurdnational@gmail.com

## دەوڵەتی لە تەبعید یا دوورخراوەیی دا (ئینگلیسی: Government in exile)

ڕژیمی داگیرکەری ئێرانی لە لێواری ڕووخان دایە ، بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی ئاڵۆزی کاتی تێکڕووخانی ڕژیمی ئێران، کورد تووشی سەرلێشێواوی و بڕیاری بە پەلەی لە چەشنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی نەبێ ، ئەرکی سەرشانی سەرجەم گەلی کورد بە تایبەتی چینی سیاسەتوان و ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردستانە کە بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کاتی لە تاراوگە و دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەنەوە.

گەلی کورد دەبێ لە هەلومەرجی ئێستا دا کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کاتیی تاراوگە نشین کە خاوەنی سەرۆک کۆمار، پارلمان و سەرۆکی پارلمان،وەزیر و سەرۆک وەزیران و پارلمانتارانی بکاتەوە و بە پێکهێنانی وەها دەوڵەتێک ، لە کاتی ڕووخانی ڕژیم دا ، دەرفەتی گونجاو بۆ یەکدەنگی و یەکگرتوویی و قورسایی کورد بڕەخسێنێ.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هۆی پەرتەوازەیی و یەک نەبوونی گوتاری زاڵ لە ناو گەلی کورد و هەروەها بێ ئەزموونیی سیاسی وایکرد کە ڕژیم بە فێڵ و وادە و بەڵێنیی بێ بنەما گەلی کورد هەڵخەڵەتێنێ و لە ئەنجامیش دا بەوەش ڕانەوەستا و هەر چی جبەخانە و هێزی نیزامی تایر و ئامادەی هەبوو، بە مەبەستی جیهاد ڕەوانەی کوردستانی کرد .



ROJIKURD
ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێشنیار و داواکاری

## بڕیاری نیشتمانی

شەڕەفنامەی نیشتمانی
بەرە و ناوەندی نیشتمانی
هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی
یاسای بنەڕەتی
دەوڵەت و حکوومەتی کاتیی کوردستان لە تاراوگە و دوور خراوەیی
و ...

## دەوڵەتی لە تەبعید یا دوورخراوەیی دا (ئینگلیسی: Government in exile)

مێژووی نەتەوەی کورد پڕە لە بەسەرهاتی هەڵخەڵەتاندن لە لایەن داگیرکەرانەوە و بەشی هەرە زۆری سەرۆک و سەرکردەکانی کورد لە لایەن ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر و بێ بنەما خەڵتانی خوێن کراون.
پێویستە دەرس لە مێژووی ڕابردوومان وەرگرین و سادە بیر نەکەینەوە و شکان و نسکۆکان دووپاتە نەکەینەوە ، با چیدیکە فریوی داگیرکەری ئێرانی نەخۆین.
دەبێ ئێمەی کورد بە گەورە و بچووکەوە، باوەڕ بەوە بێنین کە خاکی کوردستان بەشێک نییە لە خاکی هیچ نەتەوە و وڵاتێک، جگە لە خاک و نەتەوەی کورد و کوردستان.
دەبێ منداڵانی سەر بێشکەمان بەوە گۆش بکەین کە خاکی پیرۆزی کوردستان ساڵەهایە لە لایەن داگیرکەری ئێرانیەوە، داگیر کراوە و دەبێ هەوڵ بۆ ڕزگاری و سەربەستیی بدەین.
پێویستە بزانین و مێژوو لە بیر نەکەین کە خاکی کوردستان، چ لە لایەن شا و سەڵتەنەتی کراوات لە مل و چ لە لایەن خومەینی و مەلای مەندیل بە سەرەوە داگیر بکرێ ، بۆ ئێمە جیاوازی نییە و هەر هەموویان لە سەرمان دیکتاتۆرن و بە هۆی کورد بوونەوە دەمانکووژن.
ئێستا بۆ ڕزگار بوون لەو دۆخ و قەیرانەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تێیکەوتووە، پێویستە هەموو پێکەوە بە بێ لەبەر چاو گرتنی بیرو باوەر و ئیدئۆلۆژی و تەنیا لە ژێر ناوی نەتەوەی کورد هاودەنگ و یەکگرتوو بین.
هەموو پێکەوە و بە هەموو ڕەنگ و جیاوازیە فکری و سیاسیەکانەوە هەنگاو بەرەو ئازادیی کوردستان داوێین و با ئامانجی گشتی و سەرەکیمان وەدەرنانی داگیرکەری ئێرانی بێ لە خاکی پیرۆزی کوردستان.
بۆ گەیشتن بەو ویست و داخوازییە ، پێویستیمان بە پێکهێنانی حکوومەت و دەوڵەتێکی کاتی لە تاراوگە هەیە و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ: هەر کام لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ناوی کەسانی جێگەی باوەڕ و متمانەی خۆیان ڕابگەیەنن و دانیشتنێکی گشتیی حیزب و لایەنەکان لەم بارەوە بەڕێوە بچێ.
کەسانی سەربەخۆ و بێلایەن و تەنانەت هەموو گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە تاراوگە پێویستە یارمەتیدەری ئەم پرۆژەیە بن و بە پێکهێنانی شوورایەکی ڕێبەری کە بریتی بێ لە سەرجەم هێزە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە دەوڵەت و حکوومەتی کاتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە و دوورخراوەیی دابمەزرێ .
دەوڵەتی کاتیی کوردستان شێوەی فیدراڵی دەبێ و هەموو ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبنە خاوەنی سیستمێکی فیدراڵ و لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی کوردستان دا دەبن.

دەوڵەتی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری فیدراڵیی کوردستان دا بریتی دەبێ لەم ئەیالەتانە:
کرماشان، ئیلام،لورستان و چوار مەحاڵی بەختیاری،ورمێ،سنە،بەشێک لە خوراسانی باکوور و هەمەدان





ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK

Kurdistan
Independence
Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

BSK 2019

# پێڕەوی ناوخۆیی
## بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

ROJIKURD
ڕۆژی کورد

KURD NATION
کوردناسیۆن

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخــــۆیی

## شەش فەسڵ

مادەی یەکەم ...
تا
مادەی بیست و یەکەم

# پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

**بۆ بەرچاو روونی و ناساندنی زیاتر سەرەتا پێویستە باسێک لە سەر فۆڕم و شێوەی پێکهاتەی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازنی کوردستان بکەین.**

## فەسڵی یەکەم/

**پێناسەی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان**

### ماددەی یەکەم:

ناوی بزووتنەوە،بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ە و کورتکراوەی ناوەکەی بە کوردی (( بسک)) و کورتکراوەی ناوەکەی بە ڕێنوسی کوردیی لاتین BSK یە و لە ئاستی نێودەوڵەتی
*KIM * Kurdistan independence movement

### ماددەی دووهەم:

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، بزووتنەوەیەکی سەربەخۆییخوازی، هەڵقوڵاو لە فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### ماددەی سێهەم:

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لە سەر بناغەی کۆماری کوردستان و ژیار و شارستانیەتی مێژووی کورد بنیات دەنرێتەوە.

### ماددەی چوارەم:

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان، گۆڕەپانی خەباتەکەی لە چوارچێوە و جوغرافیای کوردستان دایە و لە ژێر لە ئێستا دا بە بە هۆی هەلومەرج تەرکیز و فێوکێسی لە سەر ڕۆژهەڵاتە و بە دروشمی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکراو لە لایەن ئێرانەوە ، خەبات دەکا.




ROJIKURD ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کـوردناسیـۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## شەش فەسڵ

مادەی یەکەم ...
تا
مادەی بیست و یەکەم

# پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

### فەسڵی یەکەم؛

### ماددەی پێنجەم:

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان، بزووتنەوەیەکی سێکۆلار و لائیکە و باوەڕی بە جیایی دین و ئایین لە سیاسەت و دەوڵەت هەیە و هاوکات ڕێز لە سەرجەم بیر و باوەڕ و ئایین و کەمینە نەتەوەییەکان دەگرێ و باوەڕمەندە بە مافەکانی مرۆڤی پەسەندکراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

### ماددەی شەشەم:

ئارمی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان بە ئیلهام وەرگرتن لە واقعی گەلەکەمان و بەرپابوونی چەترێک بۆ هەمووکوردستانیان بە بێ جیاوازی دروستکراوە و سێ ڕەنگی سوور، زەرد و سەوز تەعبیر لە ئاڵای کوردستان دەکەن و ڕەنگی نارنجی وەک ڕەنگی ڕەوتە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی لۆگۆکە دا جێگەی گرتووە و لە ژێر ناوی کورتکراوەی بزووتنەوەکە واتە بسک کە بە پیتی لاتین نوسراوە ، چیایەک وەک خۆڕاگری نەتەوەی کورد بوونی هەیە کە خۆر لە پشت چیاکەوە سەری دەرهێناوە و ڕۆژی پیرۆزی کوردستان لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتەوە سەر دەردێنێ .

BSK
2019





ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیـۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## شەش فەسڵ

مادەی یەکەم ...
تا
مادەی بیست و یەکەم

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

**فەسڵی دووهەم** چۆنیەتیی ئەندامیەتی

### ماددەی حەوتەم:

**ئەندامانی بزووتنەوە بریتین لە :**

ئەندامانی نهێنی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

ئەندامانی ئاشکرا لە کوردستانی باشوور،

ئەندامانی بزووتنەوە لە هەندەران.

### ماددەی هەشتەم:

کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان کە باوەڕی بە سەربەخۆیی و پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتنمانی بۆ کوردستان هەبێ، دەتوانێ ببێتە ئەندام.

### ماددەی نۆیەم:

ئەندام دەبێ باوەڕی تەواوی بە بەرنامە و پرەنسیپەکانی بزووتنەوەکەوە هەبێ و لەو پێناوە دا کار بکا و سیاسەتەکانی بزووتنەوە لە ناو خەڵک دا پەرە پێبدا.



ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## شەش فەسڵ

**مادەی یەکەم ...**
**تا**
**مادەی بیست و یەکەم**

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

فەسڵی دووهەم | چۆنیەتیی ئەندامیەتی

### ماددەی دەیەم:

**ئەرکی ئەندامانی نهێنی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

ئەو ماددەیە لە پێڕەو و پرۆگرام وەک دڵی بزووتنەوە پێناسە دەکرێ و بەو پێیە ئاماژەیەکی کورت لە مەڕ چاوکراوەیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستان دەدرێ بۆ ئەوەی بەر بە هەر جۆرە گوێ قوڵاغ بوونی سیخوڕان و دوژمنان و داگیرکەران بگیردرێ:

**ئا:**

بزووتنەوە بایەخێکی زۆر بە ئاڵوگۆڕی هەمەلایەنەی هزری دەدا ، بۆ ئەوەی دەستەی ئەندامان خۆ بە چەکی ڕاهێنان، پەروەردە و داهێنان تەیار بکەن .

**ب:**

ئەندامان دەبێ بە شێوەی مانگانە ڕاپۆرتی کاریی خۆیان بدەنەوە دەستەی ڕێبەری و پلە و ئاستی ئەندامیەتیی ئەندامان، پێوەندی بە چالاکیەکانیانەوە هەیە.

**پ:**

هەلومەرجی بەردەم ئەندامان و وەزعی ناوخۆ ، شێوە و فۆڕمی چالاکیەکان دیاری دەکا و ئەندامان بە پێی ئەو دۆخەی تێیدان ، بۆ خۆیان لە ژێر چاوەدێریی بەرپرسی تەشکیلات خاوەن بڕیارن ، هاوکات ئەندامانی نهێنی پێویستە لە کۆمەڵگا دا بە بەربڵاوی حزووریان هەبێ و پرسە جۆربەجۆرەکان بە مەبەستی لە قاو دانی سیاسەتەکانی ڕژیم بێننە گۆڕێ و لە ڕووداو و ناڕەزایەتیی مەدەنی و ... دا ڕۆڵی ڕێکخەر و ڕێبەری بگێڕن.

**ت:**

بزووتنەوە گرینگی هەرە زۆر بە نەریت و ئەخلاق ، هێما نەتەوەییەکان و پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان دەدا و ئەوەی بە درێژایی مێژوو داگیرکەری غەددار هەوڵی داوە ئەو بنەما سەرەکیانە لێڵ و ئاڵۆز بکا، بەرەنگاری توندی دەبێتەوە و بگرە لە ئاستی هێڵی سوور لێی دەڕوانین.

**ج:**

ئەندامانی بزووتنەوە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بە پێنج کەس شانەیەکی نهێنی پێک دێنن و ئەرکە ڕاسپێردراوەکانی بزووتنەوە لە ژێر ڕێنوێنیی بەرپرسی شانە ، جێبەجێ دەکەن .

بەشێکی تر لە ئەرکەکان بریتین لە :

بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی بزووتنەوە لە چوارچیوەی چالاکیی تەبلیغی، کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ڕەوشی ژینگە، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ... ی کوردستان، ڕێکخستنی چالاکییە مەدەنییەکان، پاڵپشتی و هاوئاهەنگ بوون لە گەڵ خەباتی چەکداری و بەشداریی ڕاستەوخۆ لە خەباتی شار دا.

شانەیەکی پێنج کەسی لە ناوخۆ دەتوانێ یەک نوێنەری بە شێوەی نهێنی بۆ بەشداری لە کۆنگرە دا هەبێ.



ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

شەش فەسڵ

مادەی یەکەم ...
تا
مادەی بیست و یەکەم

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

فەسڵی دووهەم | چۆنیەتیی ئەندامیەتی

### ماددەی یازدەیەم:

**ئەندامانی بزووتنەوە لە هەندەران و بەشی ئاشکرا**

**ئا:**
لە هەرکام لەو وڵاتانەی ئەندامانی بزووتنەوەی لێیە، بە گرتنی کۆنفرانس ، بە هەر پێنج کەس دەتوانن یەک نوێنەر بە کۆنگرە بناسێنن و ئەگەر لە وڵاتێک کەمتر لە پێنج کەسی لێبوو بە شێوەی ئیستسنا، لانی کەم یەک کەس وەک نوێنەری ئەو وڵاتەی لێی نیشتەجێیە، بەشداری کۆنگرە دەبێ و دەبێتە نوێنەری بزووتنەوە لەو وڵاتە و بە گشتی بەرپرسانی کۆمیتەکانی دەرەوە ، نوێنەری بزووتنەوەن لەو وڵاتەی لێی نیشتەجێن.

**ب:**
دەستەی کارگێری و ئەندامانی بزووتنەوە لە سەرجەم وڵاتان دەبێ بە شێوەی مانگانە ڕاپۆرتی کاریی خۆیان بدەنەوە دەستەی ڕێبەری.

**پ:**
هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر و سەربەخۆییخواز دەتوانێ داوای ئەندامیەتی و هەروەها پشتگیری و پاڵپشتی لە بزووتنەوە بکا و کۆمیتەی وڵاتان پاش لێکۆڵینەوە بە هاوئاهەنگی لە گەڵ بەرپرسی بەشی تەشکیلات، پشتگیری دەدەن بە ئەندامان و لایەنگران.

**ت:**
ئەندامانی بزووتنەوە پێویستە مانگانە حەقی ئەندامیەتی و ئابونەی مانگانە کە بە پێی وڵات دیاری دەکرێ بدەن بە بەرپرسی بەشی ماڵیی بزووتنەوە.

### ماددەی دوازدەیەم

**ئەندامانی بزووتنەوە لە باشووری کوردستان**

**ئا:**
ئەو کەسانەی لە رووی ناچاری و بە هۆی زەخت و گوشاری دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژیمی ئێران مەیدانی خەباتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوور دەگوازنەوە ، بە پێی شارەزایی و توانا پاش کۆتاییهێنان بە خولی سیاسی و نیزامی وەک پێشمەرگە لە بەشە جۆربەجۆرەکانی بنکەکانی بزووتنەوە سازمان دەدرێن.
هەر بە پێنج کەس دەتوانێ یەک نوێنەری بۆ بەشداری لە کۆنگرە دا هەبێ.





ROJIKURD ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## شەش فەسڵ

**مادەی یەکەم ...**
**تا**
**مادەی بیست و یەکەم**

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان

فەسڵی سێهەم | فۆرم و پێکهاتە

مادەی سێزدەیەم :

### کۆنگرە

باڵاترین ئۆرگانی بزووتنەوەیە و هەر چوار ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێ.

هێڵی گشتی، سیاسەت و ستراتیژ و بەرنامە و پێڕەوەی ناوخۆیی لە لایەن کۆنگرەوە پەسەند دەکرێ.

ئەندامانی ڕێبەری لە لایەن کۆنگرەوە و بە دەنگی ئەندامانی بەشدار بوو لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن کە بەم چەشنەیە:

سەرۆک:
ڕاستەخۆ لە لایەن ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێ

جێگری سەرۆک:
بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ڕێبەری هەڵدەبژێردرێ.

دەستەی ڕێبەری :
بریتیە لە ١١ کەس کە بەرپرسایەتیی ئۆرگانەکانی بزووتنەوەیان لە ئەستۆ دەبێ و لە سەرۆک، جێگری سەرۆک، وتەبێژ ، بەرپرسی تەشکیلات، بەرپرسی ئەمنیەت، بەرپرسی بەشی ماڵی،بەرپرسی بەشی پێوەندییەکوردستانیەکان، بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانیەکان، بەرپرسی بەشی نیزامی، بەرپرسی ڕاگەیاندن ، بەرپرسی بەشی فێرکاری و ئامووزش و ...

دەستەی کارگێڕی :
بریتین لە ٩ کەس کە هاوکات لە گەڵ بەرپرسایەتی وەک جێگرانی ئەندامانی ڕێبەری ،لە بەشێک لە ئۆرگانەکان دا بەرپرسایەتیان لە ئەستۆ دەبێ.

ئەندامانی ڕاوێژکاری ڕێبەری:
ئەرکی ڕاوێژکاریی ڕێبەرییان لە ئەستۆیە و لە کەسانی شارەزا و ئاکادێمی پێک دێ و مەرج نییە ئەندامی بزووتنەوە بن .



ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخــــۆیی

## شەش فەسڵ

مادەی یەکەم ...
تا
مادەی بیست و یەکەم

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

### فەسڵی چوارەم — ئەرکەکانی ڕێبەری

**ماددەی چواردەیەم:**

ئەندامانی ڕێبەری، بەرپرسی بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی بزووتنەوەن و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی وێڕای بەشداری لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی ڕێبەرایەتی بە هەر سێ ئەندام وەک یەک دەنگ بۆ پەسەند کردن یا نەکردنی بڕیارەکانی ڕێبەرایەتی دەتوانن دەنگ بدەن و ڕاستەوخۆ بەشداری بڕیارەکان بن.

**ماددەی پازدەیەم:**

دەستەی ڕێبەرایەتی و ئەندامانی کارگێڕی کە دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەیان پێدراوە ، مافی ئەوەیان هەیە کە لێپێچینەوە لە سەرۆک بکەن و لە هەلومەرجێک کە بە پێویستی بزانن، دەتوانن داوای بەستنی گۆنگرەی نائاسایی بکەن.

**ماددەی شازدەیەم:**

سەرجەم بڕیارەکانی پەسەند کراوی کۆنگرە لە لایەن دەستەی ڕێبەرییەوە دەخرێنە بورای جێبەجێکردنەوە و ئەوان بەرپرس و داڕێژەری سیاسەتی گشتیی بزووتنەوەن.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

سەرۆکی بزووتنەوە، بەرپرسە لە سیاسەتە گشتیەکانی بزووتنەوە و هاوئاهەنگی نێوان ئەندامانی ڕێبەری لە ئەستۆی سەرۆکە.



ROJIKURD ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کــوردناسیــۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخــــۆیی

## شەش فەسڵ

مادەی یەکەم ...
تا
مادەی بیست و یەکەم

# پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## فەسڵی پێنجەم | داهات و سەرچاوەکانی داهات

### ماددەی هەژدەیەم:

سەرجەم ئەندامانی بزووتنەوە بە پێی یارمەتیی دیاریکراو بۆ هەر وڵاتێک بڕە پارەیەک وەک حەقی ئەندامیەتی دەدەن.
بزووتنەوە پشت ئەستووره بە یارمەتیی ماڵیی لایەنگران و دڵسۆزانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد

### ماددەی نۆزدەیەم:

بزووتنەوە هەوڵ دەدا بۆ دەستخستنی داهات لە پرۆژەی جۆربەجۆری ئابووری دا سەرمایە دابنێ و ئەوە ببێتە داهات بۆ بزووتنەوە.

## فەسڵی شەشەم | ڕاگەیاندن

### ماددەی بیستەم:

بۆ برەو دان بە بیری سەربەخۆییخوازی، بزووتنەوە لە ڕێگەی دوو ماڵپەڕی فەرمی کە سیاسەتەکانی بزووتنەوەی تێدا بڵاو دەبێتەوە چالاکیی تەبلیغی و ڕاگەیاندن دەکا

**www.kurdnation.com**
**www.rojikurd.net**

### ماددەی بیست و یەکەم:

کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی کە هەوڵ دەدا دەنگ و ڕەنگی هەموو سەربەخۆییخوازانی کورد بێ لە ڕێگەی سەتەلایتەوە بڵاو دەبێتەوە و ئامانجی سەرەکیی ئاماژە پێکراو کە بزووتنەوە لە هەوڵ دایە ببێتە چەترێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە بێ جیاوازی بۆ هەموو کوردستانیان.



ROJIKURD ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کــوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەشێک لە هێڵە گشتییەکان

**خەباتی ئێمە لە ئێستا دا خەباتێکی نەتەوایەتییە ، نەک ئایینی، چینایەتی یا ڕەگەزی**

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

سیاسەتی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان ، لە سەر بنەمای دێموکراسی و مافی مرۆڤ دارێژراوە و باوەڕی بە بنەماکانی مافی مرۆیی پەسەند کراو لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەیە و هەروەها لە ڕوانگەی مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەک مافێکی نێونەتەوەیی هەوڵ بۆ سڕینەوە و وەدەرنانی داگیرکەر دەدا و ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بە سەربەخۆیی کوردستان.

ئاوڕدانەوەی بزووتنەوە لە کۆمەڵگا ، ئاوڕدانەوەیەکی کلاسیکی نییە کە تێیدا کۆمەڵگا دابەش بە زەقبوونەوەی ڕەگەزی بکا، بەڵکوو بزووتنەوە تاک بە تاکی کۆمەڵگا بە ژن و بە پیاوەوە لە پێگەی شکۆداری مرۆڤایەتیدا دەڕوانێ و لای وایە جوێکردنەوەی ئەمانە لە یەکدی لە ڕاستیدا بە مانای شەق کردنی کۆمەڵگا و مەنفەزێکی کراوە بۆ دزە کردن یا دەستێوەردانی بێگانەیە.

بزووتنەوە لەو باوەڕە دایە کە :
بەتواناترین و باشترین ڕێبەرانی جیهان ژنانن و بە گشتی ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن، هیچ خەباتێک بە بێ بوون و حزووری ژنان سەرناکەوێ.

کۆڵەکەی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی هەر نەتەوەیەک بۆ داهاتوویەکی گەش و دوور کەوتنەوە لە بیر و عەقڵیەتی کۆن و هەڵە ڕەچاوگرتنی ڕەوتی پەروەردەی منداڵان و گەنجانی نەتەوەکەمانە .
بزووتنەوە بڕوای بەوە هەیە کە هەموو ئەو ڕەوتانەی کە دەبێ ڕەچاو بگیرێ،سەر لە نوێ لە گەڵ سەردەم هاوشێوە و هاوتەریی بکا و دوور کەوێتەوە لە شێوازی کلاسیکیی کۆن ،بۆ نموونە بوونی ئۆپۆزیسیۆن لە ناو دەسەڵاتدا جودا لە قازانج و سوودەکانی لە شێوەی کلاسیکەکەی کە بە ئێمە گەیشتووە، شەڕە بۆ دەسەڵات، لە کاتێکدا ئێمە بە پلان و بەرنامەی زانستی لامان وایە کە ئۆپۆزیسیۆن گەر لە سەر پاشنەی بیرۆکەی بە دەسەڵات گەیشتن دوور کەوێتەوە و خۆی بە چاودێرێکی هەتاهەتایی ناو دەسەڵاتی کوردستان بزانێ سوود و بەرامەی بۆ کۆمەڵگا چەند قات دەبێتەوە.

هەروەها بزووتنەوە ، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، هەموو شێوەکانی خەبات لە بەرگریی مەدەنییەوە تا بەرگریی چەکدارانە بە مافی ڕەوا و بێ ئەملاو ئەولای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەزانێ و هەوڵی بۆ دەدا.
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان باوەڕی بە دەستەواژەی تەوایەتی ئەرزیی ئێران نییە و نەتەوەی ئێران و جوغرافیای ئێران بە دەستکرد و ساختە دەزانێ و لەو باوەڕە دایە کە خاک و جوغڕافیا، زمان و فەرهەنگ و کلتوور، مێژوو و ناسنامە و شوناسی کورد لە لایەن ڕژیمە داگیرکەرەکانی ئێران و شۆڤێنیسمی فارس داگیر کراوە و سەدان ساڵە هەوڵی سڕینەوە و ئاسمیلە کردنی نەتەوەی کوردیان داوە و هەوڵەکانیشیان بەردەوامن.



ROJIKURD ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەشێک لە هێڵە گشتییەکان

**خاک و جوغرافیای کوردستان هێڵی سووری ئێمەیە و لە بستێک خاکی خۆمان خۆش نابین**

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

### خاک و جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان باوەڕی بە جوغرافیایەک بە ناوی ئێران نییە و لەو باوەڕە دایە کە ئەو جوغرافیایە دەستکردە و لە سەر خاکی نەتەوەکانی دیکە بنیات نراوە و هەروەها نەتەوەیەک بە ناوی ئێرانی، بێ مانایە و تەنیا بە مەبەستی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی غەیرە فارس ساز کراوە.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بۆ ئەو خاکە خەبات دەکا کە لە لایەن ئێرانەوە داگیرکراوە و بریتییە لە ئوستانەکانی:
ئیلام و لوڕستان، چوارمەحاڵی بەختیاری ،کرماشان، سنە، ورمێ، هەمەدان و بەشێک لە خوراسانی باکوور.
بزووتنەوە شاری کرماشان وەک پایەختی دەوڵەتی کوردستان پێشنیار دەکا.

### زمانی ستاندارد و یەکگرتوو

لە ڕێگەی زمانناسان و شارەزایانی ئەو بوارە کار بۆ زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی، بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو زاراوە و بن زاراوەکان دەکرێ و هیچ زاراوەیەک بە سەر زاراوەیەکی تر دا زاڵ نابێ و میدیا و ڕاگەیاندن و کتێب و خوێندن لە ناوچەکانی سەر بە زاراوە جۆربەجۆرەکان دەبێ دابین بکرێ ، بەڵام زمانی سەرەکی و ئیداری و فەرمی زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی و زمانی دووهەم زمانی ئینگلیسی دەبێ.

### لۆبیگەری

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بە پشت بەستن بە ئیرادەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕێگەی لۆبیگەری لە گەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهانی هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و وەدەرنانی داگیرکەران لە خاکی کوردستان دەدا.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان باوەڕی بەوە هەیە کە هەموو ڕێکخراو و حیزبێک بە مەرجێک سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە دەست نەدا، دەتوانێ یارمەتی لە وڵاتانی زلهێز وەربگرێ و لە گەڵ دوژمنانی ئێران دۆستایەتی و هاوپەیمانی پێک بێنێ و لە سەر ئەو بنەمایەی دوژمنی دوژمنەکەم ، دۆستی منە، پێوەندی و بەرژەوەندیی هاوبەشی هەبێ و هاوکات ئەو ئەسڵە وەبەرچاو بگرێ کە جگە لە داگیرکەرانی کوردستان، دەکری یارمەتی لە هەموو لایەک وەرگیردرێ.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی ئورووپایی، عەرەبی،ئەمریکا و ئیسرائیل بە ڕەوا دەزانێ و یارمەتی وەرگرتن لەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان داگیر نەکردووە، بە مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆی دەزانێ و بەرژەوەندیی هاوبەش و دوژمنی هاوبەش دەتوانێ خاڵی هاوبەشی هاوکاریی دوولایەنە بێ.



ROJIKURD ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement BSK

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەشێک لە هێڵە گشتییەکان

**نووسینەوە یاسایەکی بنەڕەتی بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەت و حکوومەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە و دوور خراوەیی دا زەروورەتێکی مێژوویە و هەنووکەییە**

## پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان ،ئابلۆقە و گەمارۆی ئابووری یا هەر چەشنە ڕێکارێک، تەنانەت هێرشی نیزامیی وڵاتانی زلهێز بۆ لاواز کردنی ئێرانی خاوەن چەکی ئەتۆمی و هەناردەکەری تیرۆریسم بە ڕەوا دەزانێ و ئەو هێرشە وەک دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانە ی وڵاتانی زلهێز بە مەبەستی لە ناو بردنی تیرۆر لە قەڵەم دەدا و پاڵپشتی و پشتیوانیی وەها هەنگاو و هێرشێک بۆ سەر ئێران دەکا.

بزوووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لەو باوەڕەش دایە کە وڵاتانی زلهێز بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئامادەن وەها هێرشێک بکەن و کورد و وڵاتانی زلهێز لەو نێوە دا خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشن ، بەڵام بزووتنەوە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بە پلەی یەکەم پشتی بە ئیرادە و ورەی نەتەوەی کورد بەستووە.

لە کۆی ئەو خاڵانەی بە شێوەی پۆلێن کراو ئاماژەمان دایە بزووتنەوە ڕاشکاوانە پەنجە لە سەر چەند خالی کەمایەسی لە ناو ڕەوتی کوردی دادەنێ:

### دەستوور و یاسای بنەڕەتی

بزوووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لەو باوەڕە دایە: نەبوونی نووسینی یاسای بنەڕەتی کە فەلسەفەیەکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردن و دابینکردنی ڕەوتی ژیانی تاک و هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی ڕوون و دیار، بونیادی چوارچێوەیەکی دیاری لە نەزم، ئەخلاق، مافی مرۆڤ، هێڵی سوور و ... کە ناسراوە بە یاسا.

نەبوونی یاسا واتە بێسەرەوبەرەیی و ...بۆیە بزووتنەوە بە هەستکردن بەو واقعە گرینگ و سەرەکییە بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵ دەدا چەترێک بێ بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگا و سەرجەم ڕەنگ و سەلیقەکان و بە نووسین و داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتی ئەو ڕێڕەوە ڕەچاو بکا.

بزووتنەوە لە یەکەم هەنگاو بۆ مەبەستی داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتی و پێشنووسی ئەو یاسایە:

بە کەڵک وەرگرتن لە کەسانی شارەزای یاسا، مافناسان، یاسادانەران و پارێزەران و کەسانی شارەزا لە سیاسەت و یاسای نێونەتەوەیی کار بۆ نووسینەوەی یاسایەکی بنەڕەتی وەک یاسای پێشنیاری بۆ دەوڵەت و حکوومەتی کوردستان دەکا.

هەروەها بزووتنەوە داوا لە سەرجەم حیزب، سازمان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکا کە لە سەر خەرجی بزووتنەوە لە ماوەیەکی دیاریکراو دا لە سەر مێزێک لە دەوری یەک کۆببنەوە، بۆ نووسینەوە و پێشنیار و بڕیاردان و داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی کوردستان .



ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەشێک لە هێڵە گشتییەکان

### پێکهێنانی ناوەند یا کۆنگرەیەک بۆ سەربەخۆییخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یاسای ئامادەکراو و پەسەند کراو لە لایەن سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە، پاش ئازادی و نەمانی ڕژیمی داگیرکەر ، دەخرێتە دەنگدانی گشتیەوە و خەڵکی کوردستان بڕیاری کۆتایی لە بارەوە دەدەن.

هەروەها بزووتنەوە پێشنیاری دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان لە تاراوگە دەدا و داوا لە سەرجەم حیزب و لایەنەکان دەکا کە لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا بڕیار لە سەر دروستکردنی وەها دەوڵەتێک لە تاراوگە بدەین و بزووتنەوە ئامادەیە سەرجەم خەرج و تێچووەکانی بگرێتە ئەستۆ.

ئەو دەوڵەتە تا کاتی ئازادی و ڕووخانی ڕژیمی داگیرکەر و ڕێگە خۆشکردن بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتی کاتیەوە بۆ دەوڵەتێکی هەڵبژێردراو بە دەنگی خەڵک ڕەوایی و مەشرووعیەتی دەبێ.

بزوووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، حیزب و ڕێکخراوێکی خاوەن ئایدئۆلۆژییەکی تایبەت (( چەپ، لیبڕاڵ، ڕاست یا ئایینی )) نییە بەڵکوو ڕەوتێکی پێکهاتوو لە سەرجەم چین و توێژی کۆمەڵگای کوردستانە کە بڕوا یان لە سەر فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانی هاتۆتە ئاراوە تا لە درێژەی خەبات و چالاکیی بەردەوام و نەبڕاوە بە لەخۆ گرتنی هەموو هزر و ڕەنگە سیاسیەکان دەوری چەترێکی گشتی ببینێ.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان بە دامەزراندنی کۆنگرە یا ناوەندێک لە ژێر ناوی سەربەخۆییخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بۆ یەکخستنی ناوماڵی کورد و بەرەیەکی سەربەخۆییخواز دەدا و داوا لە سەرجەم حیزب و سازمان و ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازەکان دەکا کە بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بە دوور لە بەرژەوەندیی حیزبی و تاکە کەسی لە دەوری یەک کۆ ببینەوە و کار بۆ ئامانجی هاوبەش بکەین.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان هەوڵ بۆ دامەزراندنی میدیایەکی سەربەخۆ و بێ لایەن دەدا تاکوو دەنگ و ڕەنگی سەرجەم سەربەخۆییخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و لەو پێوەندییە دا داوا لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی کورد دەکا کە یارمەتیدەر و پاڵپشت بن.
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لە گەڵ هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان کە خاکیان لە لایەن ئێرانەوە داگیر کراوە خۆی بە دۆست و هاوپەیمان دەزانێ و هەوڵ دەدا لە بەرەیەکی سەربەخۆییخوازی دا لە گەڵ نەتەوەکانی عەرەبی ئەحواز،تورکی ئازەربایجان ، بەلووچەکان، تورکمان، کاسپیەن و نەتەوە کانی دیکە کە باوەڕیان بە نەمانی ئێران لە تەواویەتی خۆی دا هەیە کار بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری لە داگیرکاری بکا.
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بۆ برەو دانی زیاتر بە بیری نەتەوایەتی و سەربەخۆیخوازی، ژوورێکی فکری دادەمەزرێنێ و داوا لە ڕووناکبیران، بیرمەندان، نووسەران و چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکا کە بە بێ لە بەر چاو گرتنی بیری حیزبایەتی و خۆ بەستنەوە و خۆ قەتیس کردن لە ناو حیزبایەتی دا بە نووسینی وتار و بابەت و لێدوان یارمەتیدەری سەربەستی و سەربەخۆیی و هەوڵی ڕوونکردنەوەی زیاتری نەتەوەکەمان بدەن.

**١٧ی بەفرانباری ٢٧١٨ی کوردی**
**٧ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی**



ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION
کـوردناسیـۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بۆ گشت حیزب و ڕێکخراوەکان

**ناوی ئەو دامودەزگا حکوومی و سیاسیانەی جیهان و کوردستان کە ڕاستەوخۆ پێڕەو و پرۆگرامی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان یان پێشکەش کراوە:**

١- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
٢- یەکێتیی ئورووپا
٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ژنێڤ
٤- بەشی پێوەندییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا
٥- زۆربەی بالوێزخانەکانی وڵاتانی جیهان
٦- دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە هولەند
٧- واتیکان
٨- چەندین دەزگای حکوومیی فەڕانسە
-بەشی پێوەندییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە
- ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور
-ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور

٩- حکوومەتی هەرێمی کوردستان
١٠- پارلمانی هەرێمی کوردستان
١١- هێز و لایەن و حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
- پارتی سەربەستیی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی ئازادی کوردستان
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
-کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
-حیزبی دێموکراتی کوردستان
-کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
-حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
-ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان
- سازمانی یاری کورد
- یەکێتیی دێموکراتی کوردستان
- بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان
- کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
- ڕێکخراوی کوردی کورمانجی خوراسان
- فدراسیون یارسان

١٢- حیزب و لایەنەکانی سەر بە نەتەوەکانی عەرەبی ئەحواز، بەلووچ، تورکی ئازەری، تورکمان، کاسپیەن و مازەنی، گیلەک و ...




ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com
KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com
Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

### شەڕی چاڵدێران ١٥١٤



Die Verteilung der Kurden, Der westliche Teil von mit wurde in der Schlacht von Chaldoran (zwischen Shah Ismail I und den Osmanen) vom Iran getrennt und den Osmanen angegliedert.


### پەیمانی زەهاو ١٦٣٩




### سایکس پیکۆ ١٩١٦






### پەیمانی سێڤر ١٩٢٠




### پەیمانی لۆزان ١٩٢٣




ROJIKURD
ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان



Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان


# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

سەید ڕەزای دێرسیم



شێخ سەعیدی پیران



شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری



شێخ مەحموودی بەرزنجی



ژنراڵ ئیحسان نووری پاشا



سمایل ئاغا،سمکۆی شکاک



مەلا مستەفا بارزانی



شێخ ئەحمەدی بارزان



پێشەوا قازی محەممەد





ROJIKURD
ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان


# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

### سەرۆک کۆماری ، یەکەم کۆماری کوردستان



### وەکیل مستەفا



سەرۆک کۆماری کوردستانی سوور

### ئاڵای کوردستان لە چەند سەردەمی جیاواز دا

ئاڵای کورد لەسەردەمی دەوڵەتی ماد (٧٠٠پ.ز)



ئاڵای کورد لە سەردەمی شێخ مەحمود (١٩٢٢ – ١٩٢٤)



ئاڵای کورد لە کۆماری ئارارات (١٩٢٧ – ١٩٣٠)



ئاڵای کورد لە کۆماری کوردستان مەهاباد (١٩٤٦)



ئاڵای کورد لە باشووری کوردستان (٢٠٠٣_ هەتا ئێستا)



ئاڵای ئێستای کورد لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان





ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

### سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب ، هۆنراوەی دڵدار

**بە کوردیی ناوەندی**

**ئەی ڕەقیب!**

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوییە ڕابردوومان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لاوی کورد هەستایە سەر پێ وەک دلێر
تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان، ئایینمان هەر نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیان فیدایە، گیان فیدا، هەر گیان فیدا
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

**بە کوردیی ناوەندی و ئەلفوبێی لاتینی**

**Ey reqîb!**

Ey reqîb her mawe qewmî kurd ziman
Nayşikênê daneî topî zeman
Kes nellê Kurd mirduwe, Kurd zînduwe
Zînduwe qet nanewê allakeman

Ême rolley rengî sûr u şorrişîn
Seyrî ke xwênawiye rabirdûman
Kes nellê Kurd mirduwe, Kurd zînduwe
Zînduwe qet nanewê allakeman

Lawî Kurd hestaye ser pê wek dilêr
Ta be xwên nexşî deka tacî jiyan
Kes nellê Kurd mirduwe, Kurd zînduwe
Zînduwe qet nanewê allakeman

Ême rolley Mîdya u Keyxusrewîn
Dînman, ayînman her niştiman
Kes nellê Kurd mirduwe, Kurd zînduwe
Zînduwe qet nanewê allakeman

Lawî Kurdî her hazir u amadeye
Gyan fîdaye, gyan fîda, her gyan fîda
Kes nellê Kurd mirduwe, Kurd zînduwe
Zînduwe qet nanewê allakeman

**بە کوردیی باکووری**

**ئەی رەقیب!**

ئەی رەقیب هەر، مایە قەومێ کورد زمان
ناشکێ و دانایێ ب تۆپێ زەمان
کەس نەبێ کورد دمرن، کورد ژین دبن
ژین دبن قەت ناکەڤێ ئالا کوردان

ئەم خۆرتێن رەنگێ سۆر و شۆرەشن
سەیر بکە خوینا دییان مە دا رژاند
کەس نەبێ کورد دمرن، کورد ژین دبن
ژین دبن قەت ناکەڤێ ئالا کوردان

لاوێ کورد رابوویە سەر پێ وەک شێران
تا ب خوین نەخشین بکە تاجێ ژیان
کەس نەبێ کورد دمرن، کورد ژین دبن
ژین دبن قەت ناکەڤێ ئالا کوردان

ئەم خۆرتێن میدیا و کەیخوسرەوین
دین ئیمان و ئایینمان، هەر نشتیمان
کەس نەبێ کورد دمرن، کورد ژین دبن
ژین دبن قەت ناکەڤێ ئالا کوردان

خۆرتێ کورد تەڤ حازر و ئامادەنە
جانفیدانە، جانفیدانە، هەر جانفیدا
کەس نەبێ کورد دمرن، کورد ژین دبن
ژین دبن قەت ناکەڤێ ئالا کوردان

**بە کوردیی باکووری و ئەلفوبێی لاتینی**

**Ey reqîb!**

Ey reqîb her, maye qewmê Kurd ziman
Naşikê û danayê bi topê zeman
Kes nebê Kurd dimirin, Kurd jîn dibin
Jîn dibin qet nakevê ala Kurdan

Em xortên rengê sor û şoreşin
Seyr bike xwîna dîyan me da rijand
Kes nebê Kurd dimirin, Kurd jîn dibin
Jîn dibin qet nakevê ala Kurdan

Lawê Kurd rabûye ser pê wek şêran
Ta bi xwîn nexshîn bike tacê jiyan
Kes nebê Kurd dimirin, Kurd jîn dibin
Jîn dibin qet nakevê ala Kurdan

Em xortên Mîdya û Keyxusrewîn
Dîn îman u ayînman, her nishtîman
Kes nebê Kurd dimirin, Kurd jîn dibin
Jîn dibin qet nakevê ala Kurdan

Xortê Kurd tev hazir û amadene
Canfîdane, canfîdane, her canfîda
Kes nebê Kurd dimirin, Kurd jîn dibin
Jîn dibin qet nakevê ala Kurdan

**بە کوردیی زازاکی**

**ئەی ڕەقیب!**

ئەی ڕەقیب هەر مەندۆ قەومێ کوردزوانی
نێشکینۆ، نێکوونۆ ب تۆپا زەمانی
کەس مەڤاژۆ کورد مرەنۆ، کورد جوییێنۆ
جوییێنۆ، قەت نێنا وار بەیراقا ما

ما دۆمانێ رەنگێ سوور و شۆرەش ئیمە
تەماشەکە، گۆنن ئۆ راڤێردەیێ ما
کەس مەڤاژۆ کورد مرەنۆ، کورد جوییێنۆ
جوییێنۆ، قەت نێنا وار بەیراقا ما

لاژێ کوردی ڤاشتۆ را پایان فێندا چێران
تا ب گۆنی بنەقشنە تاجێ جویانە
کەس مەڤاژۆ کورد مرەنۆ، کورد جوییێنۆ
جوییێنۆ، قەت نێنا وار بەیراقا ما

ما دۆمانێ مەدیا و کەیخوسرەو ئیمە
دین ئیمان، ئایینێ ما هەر وەلات ئۆ
کەس مەڤاژۆ کورد مرەنۆ، کورد جوییێنۆ
جوییێنۆ، قەت نێنا وار بەیراقا ما

لاژێ کوردی هەر هازر و ئامادە یۆ
جانفەدا یۆ جانفەدا، هەر جانفەدا
کەس مەڤاژۆ کورد مرەنۆ، کورد جوییێنۆ
جوییێنۆ، قەت نێنا وار بەیراقا ما

**بە کوردیی زازاکی و ئەلفوبێی لاتینی**

**Ey reqîb!**

Ey reqîb her mendo qewmê kurdziwanî
Nêşikîno, nêkuwno bi topa zemanî
Kes mevajo kurd mireno, kurd cuyîno
Cuyîno, qet nêna war beyraqa ma

Ma domanê rengê sûr û şoreş îme
Temaşeke, gonin o ravêrdeyê ma
Kes mevajo kurd mireno, kurd cuyîno
Cuyîno, qet nêna war beyraqa ma

Lajê kurdî vaşto ra payan fênda çêran
Ta bi gonî bineqişne tacê cuyane
Kes mevajo kurd mireno, kurd cuyîno
Cuyîno, qet nêna war beyraqa ma

Ma domanê Medya û Keyxusrew îme
Dîn îman, ayînê ma her welat o
Kes mevajo kurd mireno, kurd cuyîno
Cuyîno, qet nêna war beyraqa ma

Lajê kurdî her hazir û amade yo
Canfeda yo canfeda, her canfeda
Kes mevajo kurd mireno, kurd cuyîno
Cuyîno, qet nêna war beyraqa ma

**بە کوردیی هەورامی**

**ئەی ڕەقیب!**

ئەی ڕەقیب هەر، مەنەن میللەتی کورد زوان
نمەماڕۆیچش، جمنەری، چەرخی زەمان
کەس نەواچۆ کورد مەردەن، کورد هەر زیننەن
زینێنەو قەت مەنامیۆرە ئاڵاکێمان

ئێمە ڕۆڵێ ڕەنگێ سووری و شۆرشی
بدیە چن وناڵینەن، ویەردەمان
کەس نەواچۆ کورد مەردەن، کورد هەر زیننەن
زینێنەو قەت مەنامیۆرە ئاڵاکێمان

میللەتو کوردی هورزاوە سەرو، پای
بە وێنش نەخشین کەرۆ تاجەو ژیوای
کەس نەواچۆ کورد مەردەن، کورد هەر زیننەن
زینێنەو قەت مەنامیۆرە ئاڵاکێمان

ئێمە ڕۆڵێ، میدیاو کەیخوسرەوی
دین و ئایینچ،پارێزناش، نیشتمان
کەس نەواچۆ کورد مەردەن، کورد هەر زیننەن
زینێنەو قەت مەنامیۆرە ئاڵاکێمان

میللەتو کوردی، ئامادەو حازرەن
گیان فیدان و گیان فیدا، هەر گیان فیدا
کەس نەواچۆ کورد مەردەن، کورد هەر زیننەن
زینێنەو قەت مەنامیۆرە ئاڵاکێمان

**بە کوردیی هەورامی و ئەلفوبێی لاتینی**

**Ey reqîb!**

Ey reqîb her, menen mîlletî kurd ziwan
Nimemarroyçiş, cimnerî, çerxî zeman
Kes newaço kurd merden, kurd her zînnen
Zînnênew qet menamyore allakêman

Ême rollê rengê sûrê û şorrişî
Bidye çin winallînen, wiyerdeman
Kes newaço kurd merden, kurd her zînnen
Zînnênew qet menamyore allakêman

Mîlletu kurdî hurzawe seru, pay
Be winêş nexşîn kero tacew jîway
Kes newaço kurd merden, kurd her zînnen
Zînnênew qet menamyore allakêman

Ême rollê, mîdyaw keyxusrewî
Dîn û ayînç, parêznaş, nîştiman
Kes newaço kurd merden, kurd her zînnen
Zînnênew qet menamyore allakêman

Mîlletu kurdî, amadew haziren
Gyan fîdan û gyan fîda, her gyan fîda
Kes newaço kurd merden, kurd her zînnen
Zînnênew qet menamyore allakêman



ROJIKURD ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
BSK

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

### سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب ، هۆنراوەی دڵدار






**به کوردیی باشووری**

**ئەی ڕەقیب!**

ئەیَ ڕەقیب هەر ماگە قەوم کورد زوان
نیەشکنێگەیَ گەردش چەرخ زەمان
کەس نەۆشیَ کورد مردگە، کورد زینگە
زینگە هەر ئەو شەکیَ ئاڵاگەمان

ئیمە ڕووڵەیَ ڕەنگ سوور و شوورشیم
سەیریَ کە خۆناویە وێەردەمان
کەس نەۆشیَ کورد مردگە، کورد زینگە
زینگە هەر ئەو شەکیَ ئاڵاگەمان

ڕووڵگ کورد هەڵساسە پا وێنەیَ دلێر
تا وە خۆن ڕەنگین بکەیَ تاج ژیان
کەس نەۆشیَ کورد مردگە، کورد زینگە
زینگە هەر ئەو شەکیَ ئاڵاگەمان

ئیمە ڕووڵەیَ میدیا و کەیخەسرەویم
دینمان ئایینمان هەر نیشتمان
کەس نەۆشیَ کورد مردگە، کورد زینگە
زینگە هەر ئەو شەکیَ ئاڵاگەمان

ڕووڵگ کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیان فەدایە، گیان فەدایە، گیان فەدا
کەس نەۆشیَ کورد مردگە، کورد زینگە
زینگە هەر ئەو شەکیَ ئاڵاگەمان

**به کوردیی باشووری و ئەلفوبێی لاتینی**

**Ey reqîb!**

Ey reqîb her mage qewmi kurd ziwan
Niyeşkinêgey gerdişi çerxi zeman
Kes neüşê kurd mirdige, kurd zînige
Zînige her ewşekê allageman

Îme rûlley rengi sûr u şûrişîm
Seyrî ke xünawîye wiyerdeman
Kes neüşê kurd mirdige, kurd zînige
Zînige her ewşekê allageman

Rûlligi kurd hellsase pa wêney dilêr
Ta we xün rengîn bikey taci jiyan
Kes neüşê kurd mirdige, kurd zînige
Zînige her ewşekê allageman

Îme rûlley mîdiya u keyxesrewîm
Dîniman ayîniman her nîştiman
Kes neüşê kurd mirdige, kurd zînige
Zînige her ewşekê allageman

Rûlligi kurd her hazir u amadeye
Giyan fedaye, giyan fedaye, giyan feda
Kes neüşê kurd mirdige, kurd zînige
Zînige her ewşekê allageman

**به کوردیی لەکی**

**ئەیَ ڕەقیب ( هوماڵ) ![٣]**

ئەیَ ڕەقیب هەر مەمینیَ قەوم کورد زۆن
نمەرمنتیَ و نمەچەمنتیَ چەرخ ڕۆژگارۆن
کەس نمووشیَ کورد مردێە، کورد زنێە
زنێە ، هەریژ نمەکویَ پەرچەمەمۆن

ئیمە ڕووڵەیَ ڕەنگ سۆر و شۆرشیم
سەێرکە (سیل کە) خووناوویە ژە ئەسگەتەمۆن
کەس نمووشیَ کورد مردێە، کۆرد زنێە
زنێە ، هەریژ نمەکویَ پەرچەمەمۆن

ڕووڵەی کورد هێزگرتێە سەر پا چۆی(چۆ) شێر
تا ڤە خوێن ڕەنگ کەن پۆپ ژیان
کەس نمووشیَ کورد مردێە، کورد زنێە
زنێە ، هەریژ نمەکویَ پەرچەمەمۆن

ئیمە ڕووڵەیَ ماد و کەیخوسرویم
دینمۆن، ئائینمۆن هەر نیشتمان(ڤەطەن)
کەس نمووشیَ کورد مردێە، کورد زنێە
زنێە ، هەریژ نمەکویَ پەرچەمەمۆن

ڕووڵەیَ کورد هەر گورج و ئامادێە
گیۆن فەدائە، گیۆن فەدا، هەر گیۆن فەدا
کەس نمووشیَ کورد مردێە، کورد زنێە
زنێە ، هەریژ نمەکویَ پەرچەمەمۆن

**به کوردیی لەکی و ئەلفوبێی لاتینی**

**Ey reqîb!**

Eyřeqîb ( homał) her memînê qeom kurd zûn
nimermintê o nimeçemintê çerx rûjgarûn
kes nimwşê kurd mirdêe, kurd zinêe
zinêeo herîj nimekiuê perçememûn

îme řûłeê řeňg sor o şûřişîm
seêr ke xwênawe je esgetemûn
kes nimûşê kurd mirdêe, kurd zinêe
zinêeû herîj nimekiuê perçememûn

řûłeê kurd hêzgirtêe ser pa çûî(çü) şêr
ta ve xwên reňg ken pûp jîan
kes nimûşê kurd mirdêe, kurd zinêe
zinêeû herîj nimekiuê perçememûn

îme řûłeê mad o keyxusruîm
dînmûn, aêynmûn her nîştiman(veten)
kes nimûşê kurd mirdêe, kurd zinêe
zinêeû herîj nimekioê perçememûn

Řûłeê kurd her gurc o amadêe
gîûn fedaye, gîûn feda, her gîûn feda
kes nimuşê kurd mirdêe, kurd zinêe
zinêeû herîj nimekioê perçememûn



ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
BSK



Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخــــۆیی

## بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە

### هێمای سەربەخۆییخوازان ، پەنجەکانی هەڵۆ




کوردستانیانی ئازیز
ئێمەی کوردی سەربەخۆییخواز  پێویستیمان بە هێمایەک هەیە کە هەم کوردستانی بوون و هەم نەتەوەیی بوون و سەربەخۆییخوازیمان نیشان بدا
لە مەوبەدوا ئێمە وەک سەربەخۆییخواز بەم شێوەیە پەنجەکانمان وەک پەنجەکانی هەڵۆکانی کوردستان بەرز دەکەینەوە.
ئەمە لە مەو بە دوا دەکەینە هێمای سەربەخۆییخوازی
ئەمە هێمای هەموو سەربەخۆییخوازنە نەک تەنیا یەک حیزب و لایەن.



ROJIKURD
ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement
BSK بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# پێڕەوی ناوخـــۆیی

## بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

### هێمای سەربەخۆییخوازان ، پەنجەکانی هەڵۆ




**هێمای پەنجەکانی هەڵۆ ، هێمایەک بۆ گشت سەربەخۆییخوازان**
**سێ پەنجەی هەڵۆ: خاک، نەتەوە، سەربەخۆیی**
**سێ پەنجەی هەڵۆ: پێشەوا، ئاڵا، نیشتمان**
**سێ پەنجەی هەڵۆ: هێز و توانا، وەفا،سەربەخۆیی**

Kurdistan Independence Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## پێڕەوی ناوخـــۆیی

### بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

# ئوستان و پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




پارێزگای کرماشان
استان کرماشان
Kermashan Province
East Kurdistan




پارێزگای ئیلام
استان ایلام
Ilam Province
East Kurdistan




پارێزگای هەمەدان
استان همدان
Hamedan Province
East Kurdistan
لە ئێستا دا هەموو گوند
و ئاوایییەکانی کوردن
بەڵام ڕێژەی کورد لە شارەکان کەمی کردووە




پارێزگای ورمێ
استان ارومیه
Urmia Province
East Kurdistan




پارێزگای لورستان
استان لورستان
Lorestan Province
East Kurdistan




پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی
استان خراسان رضوی
Khorasan Razavi Province
East Kurdistan




پارێزگای سنە
استان سنندج
Sanandaj Province
East Kurdistan




پارێزگای خوراسانی باکوور
استان خراسان شمالی
North Khorasan Province
East Kurdistan



پارێزگای چوار مەحاڵ و بەختیاری
استان چهار محال بختیاری
Chaharmahal and Bakhtiari Province
East Kurdistan

**هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئامادەکردنی بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان**

ROJIKURD
ڕۆژی کــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com


Kurdistan Independence Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## پێڕەوی ناوخـــۆیی

بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە

# نەخشەیەکی کۆنی کوردستان ١٩٤٨




## نەخشەیەکی مێژوویی کوردستانی مەزن لە ساڵی ١٩٤٨





ROJIKURD
ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com


Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## پێڕەوی ناوخـــۆیی

### بەڵگە و دێکۆمێنت و وێنە

# نەخشەیەکی کۆنی کوردستانی گەورە






ROJIKURD
ڕۆژی کـــورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کـوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement
BSK
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# مێژووی دروستکردنی وڵاتی جەعلیی ئێران ناگاتە سەد ساڵ



از این پس همه باید کشور ما را بنام ایران بشناسند

ئەو جوغرافیایەی کە ئەمرۆ ناوی دەستکرد و جەعلیی ئێرانیان لە سەر داناوە و بەم چەشنە نەتەوەیەکی جەعلیان بۆ فارس دروستکردوە و بەو شێوەیە خاک و جوغرافیای نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارسیان داگیر کردووە

Kurdistan
Independence
Movement
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
BSK 2019

# بەرنامە،پێڕەو و پڕۆگرام

## بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان




ROJIKURD
ڕۆژی کورد
www.rojikurd.net
rojiikurd@gmail.com

KURD NATION
کوردناسیۆن
www.kurdnation.com
kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
BSK

